کاناڵی تیلیگرامیی کتێبخانەی کوردستان :
https://t.me/kurdistanbooks
@kurdistanbooks

# بەدرخانییەکان
# مالباتێکی خەباتکار

# کێبفرۆشی سۆران

هەولێر بازاری کتێب فرۆشان – نزیك دادگا
2231420
soranbook@yahoo.com

یوسف ئەحمەد مەنتك

# بەدرخانییەکان

## مالبـــــــــــــــــاتێکی خـــــــــــــــــەباتکار



هەولێر 2005

https://t.me/kurdistanbooks

# بلاوکراوەکانی کتێبفرۆشیی سۆران- هەولێر

## زنجیرەی ژمارە ( 62 )

**ناوی کتێب** : بەدرخانییەکان مالباتێکی خەباتکار
**بابەت** : رۆژنامەوانی
**نووسەر** : یوسف ئەحمەد مەنتك
**بلاو کەرەوە** : کتێبفرۆشیی سۆران – هەولێر
**شوێنی چاپ** : هەولێر چاپخانەی منارە
**سالی چاپ** :2005
**نەخشەسازی** : زانکۆ محەمەد
**تایپ**: سەنتەری شەهاب

**لە کتێبخانەی گشتی هەولێر ژمارەی سپاردنی**
**( 804 ) 2005 ی پێدراوە**

**مافی لەچاپدانەوەی بۆنووسەرپارێزراوە**

**پێشکەشەبە** .............
**دلسۆزانی پەیڤی کوردی**

## پێشەکی :

بایەخدان بەکەلتوورو مێژووی نەتەوەمان ئەرکێکی مێژوویی و نیشتمان پەروەریە .
رابووردوومان گەنجینەیەکی پڕ گەوهەری گران بەهاو تاکانەیە ، هەرچەند لە قووڵایی ئەم دەریایە ڕۆبچین زیاتر لاپەڕە زێرینەکانی خەباتی نەتەوەییمان بەر چاو دەکەوێت و کەڵە خەباتکارەکان خۆیان دەنوێنن .
پێشەنگی ئەم خەبات کارانەش بنەماڵەی بەدرخانییەکانەئەو مرۆڤە مەزنانەی شایستەی رێزو وەفادارین ، لە رۆژگاری ئەمرۆشدا پێویستە راستگۆیانە هەڵسو کەوت بکەین و تۆماری زێرینی خەباتیان نەوە دوای نەوە بخوێندرێتەوە و پەندی لێوەربگێرێت .
بەدرخانییەکان لە دوو توێی لاپەڕەکانی مێژووی خەبات و تێکۆشان ماندوو بوون ومەینەتیەکانی گەلە ستەمدیدەکەی خۆمان خاوەن تۆماری مەزن و جوامێری و بەرەنگاری و بازووی پۆڵا یین بوون لە هەموو بوارەکانی ژیاندا ئەسپی خۆیان تاوداوە. لە سیاسەت پێشەنگی ووشیاری نەتەوەی بەرگریکردن لەمافە نەتەوەییەکان بوون . لە بواری رۆشنبیریدا پێشەنگی بلاوکردنەوەی نوێخوازی بوون لە دژی نەزانین وهەژاری ونەخۆشیدا خەباتیان کردووە لە ئەدەب و هونەردا پێشەنگ بوون لە بایەخدان بە کلتووری کوردی وزماندا پێشەنگی بایەخدان بە هەژارو نەداران بوون ئەوان بوون پێشەنگی دانانی ئەلف و بێ کوردی ، ئەوان بوون پێشەنگی رۆژنامەگەری کوردی ، ئەوان بوون پێشەنگی هەڵگیرسانی شۆرشی رزگاری خوازی نەتەوەی کورد. مەزن وشکۆداربێت یادی ئەم کەسایەتیە مەزنانە
ئەم بەرهەمەی بەردەستیش هیوادارم بەردێکبێت لەیناخەی باڵەخانەی رۆشنبیری نەتەوەیی و هیواخوازم کەم و کورتیەکانی بەرچاو بخەن.
— دیارە بێ کەم و کورتی نابێت لەبەر کەمی سەرچاوە بۆئەوەی لەچاپەکانی داهاتوو ڕاستیان بکەینەوەو بابەتەکە دەوڵەمەن تر بکەین بەهیوای ئەوەین خزمەتێکی بچووکی رۆشنبیری نەتەوەییمان کردبێت.

یوسف ئەحمەد مەنتك
E: ragaz4@arcor.de

دەرووی یەكەم

# میر بەدرخان عەبدوڵلاخان

( 1-1 )

میر بەدرخان لە بنەماڵەی ئازیزانن دوا میری ئیمارەتی بۆتان بووە، دوای كۆچی دوایی باوكی لە ساڵی 1821 كرا بە میری بۆتان[1].

میرایەتی بۆتان بەم شێوەیە بووە/ میر شەرەف خانی یەكەم، ئەمیر محەمەد خان، ئەمیر شەرەف خانی دووەم، مەنسور خان، ئیسماعیل خان، مستەفا خان، عەبدوللا خان، ئەمیر خان لە نێوان ساڵانی 1835 -1847 هەوڵی سەربەخۆیی كوردستانی داوە بەهۆی پەیمانی (پیرۆز) توانی زۆرینە سەری خێڵو سەركردە كوردەكان ڕێكبخات و سەرنجیان بۆ لای خۆی ڕابكشێو لە دەوری خۆی كۆكردنەوە[2].

---

[1]. ڕای جیاواز هەیە لەبارەی ساڵی لەدایكبوونی میر بەدرخان بەڵام بەپێ ی ئەو نووسینەی لە ژمارە 13ی كوردستان داهاتووە كە عبدولرەحمان بەدرخان نووسیویەتی دەڵێ كاتێ میر بەدرخان وەفاتی كرد لە ساڵی 1869 من تەمەنم 16 ساڵان بوو. واتە لە ساڵی 1806 میر بەدرخان لەدایكبووە. بلەچ شێركۆ دەڵێ ئەو كاتەی حوكمی گرتە دەست لە 1821 تەمەنی 18 ساڵان بووە ئەمیر ئەو كاتی دەبێ ساڵی لەدایكبوونەكەی لەنێوان ساڵانی 1802 -1803 دابووە.

[2]. بەڵام هەندێك لە میرانی كوردستانی باشوور بەشدارنەبوون پێ دەچێ بەهۆی كاریگەری ئێران بوبێ بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەكانی خۆیو دوژمنایەتی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا. بۆ لای خۆی ڕاكێشابن. بوونی شەڕ لە ناوچەكەو ڕووخانی میرنشینی سۆران 1836- ڕووخانی میرنشینی بادینان 1847 لە ئەنجامی شەڕی گەورە زۆرینەی گوندو ماڵو حاڵی هاووڵاتیانی كورد لە باشوور سوتێنرا. بووە هۆی پەرشو بڵاویو پچڕانی میرانی باشوور لە میرانی بۆتان.

عوسمانیەکان توانیان پەیوەندی نێوان نەستوریەکانو میر بەدرخان تێك بدەنو بۆ یەش ئینگلیزو فرەنسو ڕووس یارمەتی عوسمانیەکانیان داوە بۆ دژایەتی کردنی ئیماراتی بۆتان.

میر بەدرخان پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ ئەرمەنیەکان هەبووە بڕیاری دابوو هەر کەسێك ژنێکی ئەرمەنی بخوازێ یارمەتی دەدا. پیاوانی ئەرمەنی هێزێکی پتەویان پێکهێنابوو لە لەشکرەکەی بۆتان.

چەندین راوێژکارو پیاوی هەڵکەوتووی ئەرمەنی لە سوپاو لە دەوروبەری خۆی دانابوو وەك دومستیهان مانکولیان، ئوجانسی شالکترینو میرمارتو. میر لە قەسری (برجابك) لە جزیرەی ئیبن عومەر (بۆتان) دادەنیشت. دوو کارگەی دروستکردنی چەکو بارودی لە جزیرە دروستکردبوو, قوتابیانی کوردی بۆ خوێندن دەناردە دەرەوە بە مەبەستی فێربوونی پیشەسازی چەکو هونەری شەڕ.

جارێکیان میر سەردانی مەدرەسەیەك دەکاتو بە مامۆستاکەیان دەڵێ هەر قوتابیەك نێوانی لاپەڕەیەك بەبێ هەڵە بخوێنێتەوە پاداشتی



ئەمین عالیبەدرخان –عەلی شامیل–میقداد مەدحەت بەدرخان

دەدەمیٚ. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە میر مەبەستی ئەوە بووە هانی خوێندکاران بدات بۆ ئەوەی زیاترو باشتر بخوێننو فێربن.

پارەی لە سکەدا بەناوی خۆی (Emiri Botan Bedirxan ) لایەکی وا نوسرابوو لاکەی تری نووسرابوو (1258ی کۆچی).

توانی جەماوەرێکی زۆرتر بۆ لای خۆی ڕابکشیٚ. بەتوندی سزای ئەوانەی دەدا ئەگەر تاوانێکیان ئەنجام بدا بوایە، دەستی دزی دەبڕی.

زەوی بە هەرزان دەدا بە جووتیاران بەڕێژەی لە 3٪ی داهاتیان بدا بوایە ئەم ڕێژەیەش کەمتر بوو لە ڕێژەی دەوڵەتی عوسمانلی کە لە جوتیارانیان وەریدەگرت یارمەتی دارایی دەدا بەو خێزانەو کەسانەی دەست کورتو کەم دەرامەت بوون لەرووی داراییەوە...هەربۆیەش میریانزۆرخۆش ویستووە.شێوازی فەرمانڕەوایەتیەکەی ئەوەندە توندبووە بەهیچ شێوەیەك پیاو خراپو دزو جەردە لە سنووری ئیمارەتەکەیدا جێگایان نەدەبۆوە. لەسەردەمی ئەودا دنیا ئەمانی زۆربووە گەڕانو سوڕان بیٚ ترسو گرفت بووە.

لە ساڵی 4681 دوو ئەمریکی مبشر (مژدە بەخش). (م.م ڕایست)و (برات) هاتبوون بۆ سەردانی ناوچەکە. چوار هەفتە مابوونەوە تووشی هیچ گرفتو کێشەیەك نەبوون لەناوچەکە. دڵسۆزی سەرەك عەشیرەتو هۆزەکانیان بینیوە کە چەند دڵسۆزو خۆشەویستی میرن دەستو دیاریان بۆ میر بردووە. وەك ئەسپو مەڕو ماڵات کە ئەمەش مایەی شانازیو ڕێز بووە بۆیان.


میر عەدالەتی لەنێوان نەوەو دینو مەزهەبە جیاجیاکان ڕاگرتووە کاتێك سوپای عوسمانلی خەریکی شەڕبووە لەگەڵ دەوڵەتی میسر ئەو کاتەی بەدەرفەت زانی

بۆ فـرەوان کردنــی ســنوری دەســەڵاتی بـۆ ســەربەخۆیی وڕزگــاری کوردســتان (لــە موکریانەوە تا بۆتان).

زۆر لـە مێـژوو نـووس‌و لێکۆڵـەرەوە لەوەسـفکردنی بـە مـیر بـەدرخان دەڵـێن (بـاوکی بزووتنەوەی نەتـەوەیی کورد) یان (دکتاتۆری ئازاو دووربین) یانیش دەڵـێن (سـەرکردەی گەورەی سەربازی).

ساڵی 1845 یەکێك لە فەرمانبەرانی قونسلییەی فەڕەنسی سەردانی ناوچەی ئیمارەت دەکات دەبینێنێت چۆن جووتیاران بە ئامێری نوێ کشتوکاڵ دەکـەن ئاسـایش‌و ئـارامی لەناوچەکەدا هەیە دەبێتە جێگەی سەر سوڕمانی.





ئەومەدالیایەی سوڵتانی عوسمانی دای بە جەنگاوەرانی

کەبەشداربوون لەشەڕی داگیرکردنی کوردستان

## ڕووییەکەم ڕووی جەنگاوەران

## ڕووی دووەم قەلای ئارووخ

ئاوارەیـەکی زۆر لەناوچـەی ئیمـارەت نیشـتەجێ ببـوون( تطوعیـان) لـە سـوپاکەیدا کردبوو هەرکەسێك سەرپێچی لە یاسا بکردایە بە توندی سزا دەدرا. دەبوا هەموو کـەس بە یەکسانی ڕێز لە یاسا بگرێ.

جەلادەت دەڵێ: ((ڕووبارێك هەیە ناوی (جم جوهی, یا ڕوباری یەهود) لە نزیك جزیرەی ئیبن عومەر. یەهودییەکان بۆ ڕێو ڕەسمی دینی دەچـوونە سـەر ئـەم ڕووبـارە لـەکاتی بـەجێ هێنـانی واجیبـاتی دینـی خۆیـان. کوردەکـان دەچـوون ڕێگریـان لێ دەکـردن‌و دژایەتیان دەکردن)).

ڕۆژێکیان (حا خام)ی یهود دەچێتە لای ئەمیرو شکات دەکات و بەدەست ئاماژە بۆ ئەو شوێنە دەکات‌و بەلام ناوی ناهێنێ. ئەمیر پرسیاری ناوی شـوێنەکەی لێ دەکـات. بـەلام (حا خام) دیسان ناوی ناهێنێ بەدەست ئاماژە بۆ شوێنەکە دەکات لەو کاتەدا ئەمیر پێ دەکـەنێو پێـی دەڵـێ ئـەو شـوێنە پێـی دەڵـێن (جـم جـوهی ڕووبـاری یهـود) جێگـای بەگژداچوونەوە؟ (حا خام) وەلام دەداتەوەو دەڵێ بە بیرت دەهێنمـەوە جـەنابی ئـەمیر ناوی ئەو شوێنە ڕێکە لەگەڵ ناوی ( ملکیە یهود) بۆ ئەو ڕووبارە.

ئەمیر بڕیار دەدات کە ئەو شوێنە تایبەتە بە یهود بەتەنیا, نابێ نە کـورد نـە مەسـیحی تەدخولی تیادا بکەن‌و لەو شوێنە نزیك ببنەوە.

هەر یەکێك بیویستبا لە ئیمارەت جێگیر ببێ مەرج هەبوو دەبوا جێ بەجێی کرد یا.

مەرجی یەکەم: دەبوایە چەکدار بوایە بۆ پارێزگاری ئیمارەت.

مەرجی دووەم: لەکاتی پێویست هاوشـانی سـوپای ئیمـارەت لـەدژی دوژمنـان بجەنگایا.

سالّی 1838 میر بەدرخان یارمەتی سوپای عوسمانلی داوە بۆ شەڕکردن دژی(سعید بەگ). کورد سولّتان پلەی (عمیدی کۆلۆنیل)ی پێدا. ئەم پلەیە گرنگیەکی تایبەتی هەبوو بە مانای ئەوەی میر بەدرخان حاکمی ناوچەکەیە. لە سالّی 1839 لەگەلّ سوپای عوسمانلی بەشداری شەڕی کردووە دژی سوپای (ئیبراهیم محەمەد عەلی) ئەم شەڕە لە (تریب) نزیك (عنتابە) ڕووی داوە شەڕێکی توند لەنێوان هەردوولا ڕوویدا بەهۆی ئەم یارمەتیەوە عوسمانیەکان ڕێزێکی زۆریان لێ گرت.

والی بەغدا کراسێکی بەنرخی بۆ بەدرخان بەگ ڕەوانە کردبوو بەدیاری, ئەویش ئەوەی هەرلەبەر چاوبوو. کاتێك (بدو) هەڕەشەیان کرد هێرش بکەنە سەر (بەغدا) میر بەدرخان یارمەتی والی بەغدای دا هێرشەکەیان تێك شکاند لە ئەنجامدا والی زۆر سوپاسی میری کردبوو.



له ناوەڕاست دا ڕێزدار ( جەلادەت بەدرخان ) ئاماژەی بۆکراوە ،
لەچەپەوە : د. ئەحمەد نافز ، ئەکرەم جەمیل پاشا .
دووەم لەڕاستەوە مەمدوح سەلیم .


(کریس مونشارا) دەڵێ بدرخان بەگ ( پاڵەوانی بزوتنەوەی ڕزگاری کوردستان) بوو لەسەدەی نۆزدەدا. لە 26– 17– 1847 دەوڵەتی عوسمانلی بەمەبەستی لەناوبردنی ئیمارەتی بۆتان. هێزێکی گەورەی عوسمانلی کە سوڵتان ئامادەی کردبوو بۆ هێرش کردنە سەر ئیمارەتی بۆتان هێزە کە پێکهاتبوو لە 30.000 هەزار سەربازی نیزامی وە 15.000 هەزار بەکرێگیراو40 تۆپ بۆکۆتایی پێهێنانی فەرمان ڕەوایەتی کورد لە لایەکی ترەوە دەوڵەتی عوسمانلی خەریك پەرش‌و بڵاوکردنی ڕێزەکانی میرانەو لایەنگرانی لەگەڵ میر بەدرخان دابوون بەهەرچی نرخێك بووە بتوانی سەرنجیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشێ‌و دەستەبەریان بکەن.

ئەوە بوو بەسەرکردایەتی عوسمان پاشا هێرشیان کردە سەر سوپای کوردان لەنزیك شاری ورمێ شەڕو پێکدادان ڕوویدا سوپای تورك لە چەندین خۆلاوە شکا.هێزە کوردەکان بەرگری باشیان دەکرد جەنگاوەرانی کورد چەندین تۆپیان گرت بەلام نەیاندەتوانی بەشێوەیەکی سەرکەوتو بەکاری بێنن. لەگەڵ ئەوەشدا نەخۆشی کولێرا لەنێو سەربازانی کورد بلاوبۆوە زۆری لێ کوشتن. دەسەلاتدارانی عوسمانلی چەندین ڕێگایان بەکار هێنا بۆزاڵ بوون بەسەر لەشکری کوردان سەرکردەکانی تورك لە (ئەرز ڕۆم) لە ڕێگەی ( مەلا مەحمود بایەزیدی) گفتوگۆیان لەگەڵ میر بەدرخان کرد، بەلام بەر لەوەی مەلا مەحمود بگەڕێتەوە عوسمان پاشا هێرشی کردە سەر شاری جەزیرە. مەلا مەحمود گەڕا یەوەلای عوسمان پاشا بەلام ئەو گرتیو بە زیندانی ڕەوانەی ئەستانبولی کردو نامەیەکیشی بۆ سوڵتان نووسی کە ئەو مرۆڤە هاوپەیمانە لەگەڵ میر بەدرخانو خیانەتی لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانلی کردووە لە ئەنجام مەلا مەحمودیان دوور خستەوە بۆ (وان) بێ ئەوەی لە ڕاستو دروستی مەسەلەکە بکۆڵنەوە.

بەهەر نرخێك بوو لە ئەنجامدا دەوڵەتی عوسمانلی توانی هەندێك لەسەر کردە کوردەکان دەستەبەر بکاو بۆ لای خۆی ڕابکێشێ تا لە کۆتایی دا کە (یەزدان شێر) کەسێکی نزیکی بەدرخان بەگ بوو کە سەرکردایەتی هێزێکی گەورەی ئیمارەتی بۆتانی دەکرد شاری جەزیرەی پایتەختی ئیمارەتی تەسلیم بە لەشکری عوسمانلی کرد کە ئەمەش بووە هۆی ورە بەردانی جەنگاوەرانی کورد لەبەر ئەوەی کە کارگەی ( چەكو عەمبار) لە جەزیرە بوو. شارەکەیان خاپوورو وێران کرد میر بەدرخان چووە قەلای ( ئاروخ) گەمارۆیان داو دوای شەڕێکی توندو درێژخایەن ئازوقەو چەكو تفاقی شەڕیان پێ نەما لە ( 12-8- 1847) تەسلیم بوون و بردیان بۆ ئەستانبول بۆ لای سوڵتانو ئەویش عفوی کرد دوور خرایەوە بۆ جەزیرەی (کریت) لە یۆنان. لەوێش بەشدرای شەڕی کردو (مەدالیای ئازایەتیان پێ دا) لەسەر داوای خۆی چوو بۆ شام.

بەدرخان بەگ بەدرێژایی ژیانی ئەو کارەساتەی ڕووخاندنی ئیمارەتی بۆتانی لەبیر نەکرد کە لەڕێی نزیکترین کەسی خۆی خیانەتی لێ کرا.

هۆکاری خیانەتی یەزدان شێر ئەوە بوو لەکاتی پشتگیرکردنی بەدرخان بەگ بۆ عوسمانلیەکان لەدژی سەعید بەگ جەنگا شان بەشانی سوپای تورك گرتنی قەڵای (کورنیل) سەعید بەگ خاڵی یەزدان شێر بوو وەزیندانی کردنی (میر سیف الدین) ئەمانە هۆکاربوونە لەگەڵ چەندین گرفتی تر کەلەنێوان خۆیاندا ڕووی داوە تەماعدانی عوسمانلیەکان بە یەزدان شێر بۆتە هۆی ئەوەی خیانەت لە میربەدرخان بکات. دوای تێك شکانی ئیمارەتی بۆتان بەدرخان بەگو ساڵح بەگو ئەسعەدی برا بچووکیان و خێزانەکانیان بەدیلی لە 19 ئەیلولی 1847 گەیاندە ئەستانبول سوپای عوسمانلیش ناوچەکەیان تاڵان کردو هەرچی



دانشتووەکان دووەم لەڕاست (میر جەلادەت)

وەستاو لەناوەڕاست (مەمدوح سەلیم بەگ)

خانوشــی هــەبوو ڕووخانــدیان ئــەوەی کــوژراو ئــەوەی تریشــیان دوورخســتەوە ملــك و سامانەکانیشیان دەست بەسەرداگرت و فرۆشتیان بەنرخی (15) هەزار قـرۆش هەنـدێك لەسەرکردەکانی سوپای بەدرخان بەگ خۆیان بەدەستەوە نـەداو بـەرگریان کـرد لەوانـە (خان مەحمود) تاکو 19 ئەیلولی 1847 شەڕی کرد دوای ئەوەی بەفێڵ گرتیـان پێیـان گوتبوو ژیانت بەسەلامەتی دەپارێزین کەچی دوایی وا دەرنەچوو زۆریان ئەزیـەت دابـوو. دووریان خستەوە بۆ باکووری بلغاریا بۆ (روستۆك) بەڵام (نـور الله بـەگ) بـەردەوام بـوو لەشەڕ ڕووی  لە چیاکان کرد تا ساڵی 1849 چوو بۆ (ئێران).

دوای ڕووخانی ئیمارەتی بۆتان (سـوڵتان) تـوانی دەسـتەڵاتی بـەهێز لەناوچـەکە پەیـدا بکاو خەڵکێکی زۆر بۆلای خۆی ڕابکێشێ و ویلایەتی کوردستانی پێکهێنا.

میر بەدرخان ئەو ماوەیـەی لەشـاری (قندیـەی) کریـت بـوو مانگانـەی خـۆیو ئەوانـەی لەگەڵی بوون 20.000 قرۆشیان بۆ بڕیبوونەوە لەجیاتیو ئەو ملكو سەروەتو سامانەی لێیـان داگیرکردبـوون لەلایـەن حکومـەت. بـۆ مـاوەی 10 سـاڵ لـە کریـت مانـەوە زۆری باشیان بۆ سوڵتان کرد، توانی باوەڕیەکی بـاش بەدەسـت بهێنێـت لـە ئـەنجامی ئـەوەی توانی ئەو ئاژاوەو پشێویەی لەنێوان مەسیحیو موسڵمانان داهەبوو ئاسایی بکاتەوە، تـا لەوێ ژیانی بەسەر دەبرد توانی باوەڕیەکی باش بەدەسـت بێنێـت. هـەردەم ئامۆژگـاری ئەوەی دەکردن ئـەو گرفـتو کێشـەکانی نێوانیـان بـەهێمنی چارەسـەر بکـەن لـە سـاڵی 1858 سوڵتان بڕیاری لێبوردنی بۆ بـەدرخان بـەگ دەرکـردو ڕێـی پێـدا بگەڕێتـەوە بـۆ ئەستانبولێ ئەویش لە ئەنجامی ئەوەی کاری باشـی دەکـرد بـۆ ئیمپراتـۆری تـورك دواتـر سوڵتان پلەی پاشایەتی پێدا[3]. دوای ئەوە سەفەری شامی کردو لەوێ نیشـتەجێ بـوو.

---

[3]. بە دوای تێکشاندنی ئیمارەتی بۆتان سوڵتان عبدالعزیز (مـدالیای شـەڕی کوردسـتانی دروست کرد 1847 درا بە عوسمـان پاشـاو ئـەو سـەربازانەی بەشـداری شـەڕی گرتنـی

ساڵەکانی دوا نەمری لەوێ ژیا لە ساڵی 1869 کۆچی دوایی کرد. لەشام لە گەڕەکی (رکن الدین) لە گۆڕستانی ( مولانا شێخ خالید نەقشبەندی) نێژراوە[4] .

جەزیرەی بۆتانیان کردبوو. یەکەم: ڕووی یەکەمی میدالیاکە (ڕووی جەنگاوەران) ڕووی دووەم (قەلای ئاروخ لەسەر چیا).

[4] . میر بەدرخان لەژیانی زۆر ژنی هێناوە، بەڵام کاتێك کۆچی کرد تەنها (4) ژنی بە ڕەسمی هەبوو ( بۆ زانیاری زیاتر سەیری پەرتوکەکەی (مالیسانژ) بدرخانیون ڤ جزیرە بوتان 1998 بکە.

## داری ژیانی بەدرخانیەکان

میر شرف خانی یەکەم

↓

میر محەمەد خان

↓

میر شرف خانی دووەم

↓

مەنسور خان

↓

ئیسماعیل خان

↓

مستەفا خان

↓

عەبدوڵلا خان

↓

میر بەدرخان 1806 -1869


## عەبدوللا خان


1. ئەسعەد 2. میر بەدرخان 3. سالح


# میر بەدرخان 1806 -1869


| ز | کوڕانی میر بەدرخان | ز | کچانی بەدرخان بەگ |
|---|---|---|---|
| 1. | تێلی حەمید | 1. | نەفیسە |
| 2. | تاهیر موخلیس | 2. | فەخریە |
| 3. | فەرید عوسمان نوری | 3. | سامیە |
| 4. | ئەحمەد خەلوسی | 4. | ساریە |
| 5. | بەحری رەزا | 5. | (زمـــیرە) مریەم |
| 6. | ئەحمەد بدری پاشا | 6. | حەلیمە |
| 7. | مستەفا علی شا | 7. | لەیلا |
| 8. | ئەمین عالی بەگ | 8. | شەفیقە |
| 9. | محەمەد نەجیب شا | 9. | زەریفە |
| 10. | یوسف کامیل | 10. | عائشە |
| 11. | حەسەن فەوزی | 11. | فاتمە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| .12 | خەلیل رامی | .12 | زلیخە |
| .13 | مقداد مدحەت | .13 | زیرجد |
| .14 | حوسێن کەنعان پاشا | .14 | عەزیزە |
| .15 | محەمەد عالی | .15 | ئامیـــــــە-رەبیعە |
| .16 | خالید سیف الله | .16 | ئامینە |
| .17 | عەلی شامیل شا | .17 | ماریا |
| .18 | سعد الله | .18 | روقیە |
| .19 | زبیر ادم | .19 | ئاسیا |
| .20 | عەبدولڕەحمان سامی | .20 | |
| .21 | مراد رەمزی | .21 | |


میر بەدرخان
عەبدولرەحمان بەدرخان
فەرید
کەریم
مودن
لەیلا
الاستاذ امرة کونانساي
بيزا


میر بەدرخان


میر بەدرخان
امین عالی بەدرخان
د. جمشید
سینەم
بەدرخان
نریمان
لەڤین
کوردو
کونکور
عەلی


میر بەدرخان
مقداد مدحت
کچ ؟
فاروق
اية الله

دەرووی دووەم :

# ئەمین عالی بەدرخان

(1926 -1851)



ئـەمین عـالی بـەدرخان لـە سـاڵی 1851 دا لـەدایك بـووە، قۆناغـەکانی خوێنـدنی لـە قوتابخانـە تایبەتیـەکانی کـە تایبـەت بـوو بـەمناڵانی میرانـی سـوڵتان دەیخوێنـد لـە ئەسـتانبۆل بەشـی (مـافزانی) تـەواو کـردووە, ئـەمین عـالی کەسـایەتیەکی ڕۆشـنبیرو شـارەزای لێ هەڵکـەوتو کەسـایەتیەکی بـاوەڕ بـەخۆ بـو بـەتواناییو لێهـاتووی خـۆی دەیتوانی کار بکات بەتایبەتی ئەو لەسەر دەستی شاعیری گەورەی کورد (حاجی قـادر) پەروەردە ببوو ڕۆشنبیریو هۆشیاریو خۆشەویستی کوردستانی لەلایەن (حاجی قـادر)

کەوتبووە دڵی میر). بەرپرسیارەتی[5] . بنەماڵەی میر کەوتبووە سەرشانی ئەمین عالی وەکو کورە گەورەی هەڵسو کەوتی دەکرد ڕێبازی بابو باپیرانی گرتبووە بەر هەستێکی بەرزی کوردایەتی لەدڵ دابوو.

لەساڵی 1877 ئەمین عالی بەشداری شەڕی نێوان عوسمانلیو ڕووسی کرد بەڵام بەبێ ئەوەی بجەنگێ لەبەرەکانی جەنگ گەڕایەوە.

لە ساڵی 1889 لەگەڵ مدحت پاشا بەیەکەوە هەوڵیاندا بۆ داگیرساندنی شۆڕش لە ئەستانبولەوە ڕوویان لە کوردستان کرد لە (ترابزۆنو جیوالك) چاویان بە بەگو میرو سەرەك هۆزەکان کەوتو کۆبوونەوەیەکیان کردو پلانی ڕزگارکردنی کوردستانیان داناو چۆن هێرشی بکەنە سەر سوپای تورکو بەسەریاندا زاڵبن لەگەڵ ئەم هێزانە ڕوویان لە کوردستان کرد, بەڵام بەر لەوەی شەڕ بکەن سوپای تورك لە ڕێگای جاسوسو بەکرێ گیراوانییەوە ئاگادار کرانەوەو ئامادە باشی خۆیان وەرگرت لە ڕووبەڕوو بوونەوەی هەر شەڕێك ئەگەر ڕوویدات بۆیە تورك هێزێکی گەورەی سەربازیان کۆ کردەوە. هێزەکانی کورد بەر لەوەی بگەنە کوردستان

---

5 . دوای ئەوەی بەدرخان عبدالله خان کۆچی دوایی کرد. بەرپرسیارەتی بنەماڵە کەوتە سەرشانی ئەمین عالی بەدرخان. لەبەر ئەوەی بنەماڵەی بەدرخانیەکان جێگەیەکی تایبەتو دیاریان هەبوو لەناو گەلی کوردا. بۆیە میرانی عوسمانلی گرنگیان پێدان، بۆ ئەوەی هاوڵاتیانی کورد زیاتر لە دەورەی ئەو بنەماڵەیە کۆببنەوە 13 کەسیان لە کوڕانی میر کردن بە (میر)، والی و زاپیت لە دەرەوەی کوردستانی دانان. نەوەی بەدرخانیەکان ئەوانەن لە شاری (ئەلقەیوم) دەژین لە میسر بە (والی) دەناسرێن چونکە کاتی خۆی ببونە والی ئەم شارە بۆیە بە بەدرخان ناناسرێن، لەبەر ئەوەی ئەوان کاتی خۆی دەسەڵات داربوون گرنگی زۆریان پێ دەدرا لەلایەن دەسەڵاتدارانی عوسمانی. لەبەر ئەوەش ئەوانەیان دەکردە میرو والی چونکە دەیانزانی ئەوان بنکەی بابو باپیرانیان بۆتان لەبیر ناکەن هەردەم لەبیری ڕزگاریو سەربەخۆیی کوردستان دان نەبادا شۆڕشێك بەرپا بکەن لەبەر ئەم هۆکارانە سوڵتانی عوسمانلی وای پێ باشتر بووە هەردەم لەژێر دەسەڵاتی خۆی دابن هەر بۆیەش کارو فرمانی پێ دەدان.

لەنێوان ترابزۆن‌و ئەرزەرۆم‌و لەنزیکدا لەگەڵ هێزەکانی (بایبورت) عوسمانلی تووشی شەڕ هاتن هێزی کوردان بەناچاری کشانەوە بۆ چیای (ارغانی) دوای شەڕێکی سەخت‌و درێژخایەن هێزی کورد لەم شەڕەدا شکا. هەردوو سەرکردە گیران. لەئەنجامی شکستی ئەم ڕاپەڕینە ئەمین عالی‌و مەدحەت بەگی برای‌و منالآنی بەدرخان لە ئەستانبوڵ باری ژیان‌و گوزەرانیان لاوازو خراپ بوو برایانی تریان کە کاربەدەستبوون لە حکومەتی عوسمانلی لەبەر چاوی حکومەت کەوتبوون. هەر لەبەر ئەم هۆیەش (سوڵتان عبدالحمید) بەخۆی کەوتە کارکردن‌و تێکڕای منالآنی بەدرخانی خستە ژێر چاودێری خۆیەوەو دەست بەسەری کردن. هێزی بەدرخانیەکان ئەوکات لە ئەستانبوڵ نزیکەی (3000) دەبوون بۆیە وایان لێ کردن ماوەی هیچ بزووتنەوەیەکیان نەبێ‌و هەموو ڕێگاکانیان لێ گرتن ناو بانگی‌و ناوداری بەدرخانیەکان سنوری تورکیای تێ پەڕاندبوو بەتایبەتی ئەو کات (عبدالرزاق نجیب بدرخان) سەرۆکی بەشی میوانخانەی سوڵتان بوو. توانیبویان تێکەڵی‌و دۆستایەتی لەگەڵ (ڕووس‌و فرەنس‌و ئینگلیز)دا پەیدا بکەن.

لە ترسان سوڵتان ناچارما لەنێو ئیمپراتۆریەتی عوسمانلی کارو فرمانی پێدان، تا پەرش‌و بڵاوببنەوە هەر یەکێکی ناردە شوێنێك. بۆ ئەوەی بواری ئەوەیان بۆ نەڕەخسێت کارێکی وا بکەن کاریگەری هەبێت بۆ سەر حکومەت.

ئەمین عالی بەدرخان باوکی میر جەلادەت کرا بە (مفتش)دادگا لە ئەستانبوڵ انقرە- قۆنیا - بەم شێوەیە حکومەت توانی خۆی لەوانە نزیك بکاتەوە هەموو ڕێگایەکیان لێ گرتن.

لە ساڵی 1898 نامەیەك کەتیایدا ئیمزای چەند کەسایەتیەکی بەدرخانیەکانی تێدابوو، کەوتە دەست حکومەت، کەتیایدا وایان لەگەڵ کورد کردبوو بۆ دەستپێکی شۆرش. ئەمین عالی‌و براکەیان بۆ ماوەی 3 مانگ زیندانی کرد دواتر ئازادیان کردن.

لە ساڵی 1906 کاتێك سەرۆکی ئیستخباراتی (هەوالگری) سوڵتان کوژرا. سوڵتان نەوەی بەدرخانیەکانی تاوانبار کرد بەتایبەت عبدالرزاق نەجیب بدرخان‌و عەلی

شامیل بەدرخان بۆ (لیبیا) دوور خرانەوە ئەمین عالی بەدرخانو سالح بەدرخانی برای بۆ (سپارتە) دوور خرانەوە لەسالی 1908 سولتان لەژێر تەوژمو فشاری نەتەوە ژێر دەستەکانی حکومەتی



لەچەپەوە: مەزیەت، جەلادەت، کامران

دانیشتوو: سەنیعەی دایکایان

عوسمانلی ناچار کرا کار بەو بەندانە بکات کە لەدەستووری سالی 1876دا هاتبوو ناوەڕۆکی بەندەکە بەم شێوەیە بوو (ئازادی — عەدالەتو مساوات) لەنێو هەموو گەلانی لە سنووری فەرمانڕەوای عوسمانلیدا دەژین. دوای ڕاگەیاندنو کار پێ کردنی ئەم بەندانە نیشتمان پەروەرانو ڕۆشنبیرانی کورد بە فەرمانی حکومەت دوورخرابوونەوە جارێکی تر گەڕانەوە ئەستانبول ئەمین عالی بەدرخانیش یەکێك بوو لەوانەی گەڕاوە بۆ ئەستانبول دەستی بەکاری ڕۆشنبیریو هۆشیاریو پەروەردە کرد لە سالی 1908 ئەمین عالی بەدرخانو شەریف پاشای کوڕی عبیداللە (عبدالقادر ئەفەندی) جەنڕال (ئەحمەد زول کەڤال) کۆمەڵەیەکیان دامەزراند لە ئەستانبۆل بەناوی (کۆمەڵەی کوردی

بۆ پێشکەوتن‌و بڵندی) لە ساڵی 1909 داخرا. ناچار کۆمەڵەیەکی تریان دانا بەناوی (کۆمەڵەی کوردی بۆ بڵاوکردنەوەی زانین).

یەکێك لە گرنگترین چالاکیەکانی ئەو کۆمەڵەیە ئەوەبوو قوتابخانەیەکیان لە (چەنبەرێ تاش) کردەوە عبدالرحمن بەردخان بوو بەڕێوەبەری دواتر منالانی بەدرخانیەکانی کۆمەڵەیەکیان دانایە ناوی (کۆمەڵەی کوردی بۆ کاروباری کۆمەلایەتی).

کە سوڵتان هەستی بەوە کرد منالانی بەدرخانی لەژێر فەرمانی ئەودا نین خەریکی جم‌و جۆڵی کوردایەتین. بڕیاری دوورخستنەوەیانیدا بەتایبەت ئەمین عالی بەدرخان هەرجارەی ڕەوانەی شوێنکیان دەکرد وەکو (عکا)– نابلوس لە فەلەستین ـ سالۆنێکی لە یۆنان، شارەکانی تری تورکان ئەنقەرە ـ ڤۆتیا، سپارتە. لە ساڵی 1919 سەبارەت بە دۆزی کورد پەیوەندی بە وڵاتانی سەرکەوتوو (غرب) کرد لە سەرووی هەموویانەوە لێپرسراوانی ئینگلیز بە مەبەستی وەرگرتنی پشتگیری‌و یارمەتی. لە هەمان کاتدا تورك ویستیان بەوالی دیار بەکر دایبنێن بەلام لێی دڵنیا نەبوون‌و ڕەفزیان کردەوە زانیان ئەمین عالی دەست بەرداری بیری سەربەخۆیی‌و ئازادی کوردستان نابێت‌و بە پلەو پایە نای گۆڕێتەوە لە ساڵی 1922 کاتێك کەمالیستەکان دەسەلاتیان گرتە دەست لە ئەستانبۆڵ بڕیاری کوشتنی نیشتمان پەروەرانی کوردیان دەرکرد ئەم بڕیارە بەدرخانیەکانیشی گرتەوە بەتایبەتی. پێیان وابوو بەدرخانیەکان بیر لەجیابوونەوەی کوردستان دەکەنەوە لە دەوڵەتی تورك. ناوی ئەمین عالی‌و هەر پێنج کوڕەکانی ـ سورەیە بە جەلادەت، کامەران، تۆفیق، سەفدەر، لەنێولیستی ناوەکان ناویان هەبوو.

لەبەر ئەم بڕیارە نیشتمان پەروەران خۆیان دەشاردەوە لە تورکیا دەر دەچوون تا دەربازبن‌و نەکەونە دەستی حکومەت.

ئەمین عالی‌و کوڕە گەورەی سورەیە چوون بۆ میسر لە قاهیرە نیشتەجێ بوون. میر جەلادەت‌و کامەران‌و تۆفیق‌و سەفدەر لەگەڵ (حقی) کوڕی سورەیا توانیان لەڕێگای سورەیە دەربازبن‌و چوون بۆ ئەلمانیا نیشتەجێ بوون‌و دەستیان بە خوێندن کرد.

ئەمین عالی ـ دامەزرێنەری کۆمەڵەی ترقیو والتعاون کوردی.

دامەزرێنەری جمعیە نشر المعارف کردی (کۆمەڵەی زانینو بلاْوکردنەوەی کوردی) سەرۆکی دووەم لە (کۆمەڵەی خەباتی کوردستان) بووە (جمعیة نهضة کردستان) دامەزرێنەرو سەرۆکی (کۆمەڵەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی کوردی بوو مفتشی دادگا بووە لە دادگای انقرەو ڤوتیا. دواتر دووخرانەوە (ئەسپارتە) بۆ جاری دووەم گیراوەو دوور خرانەوە بۆ (عکا) سێ ساڵ لەوێ مانەوە لە (نابلس) فەرمانبەری کردووە ئەمین عالی دەستی شیعر نووسینی هەبووە ساڵی 1926 لە قاهیرە کۆچی دوای کرد.

ئەمین عالی بەدرخان 6 کوڕو کچێکی هەبوو کچەکەی بەناوی (مەزیەت) کوڕەکان (سورەیە، حیکمت، جەلادەت، کامەران، تۆفیق، سەفدەر بەدرخان بوو).

دوایی حکومەتی تورکی نازناوی بەدرخانیەکانی گۆڕی ئەوانەی لە تورکیا مابوونەوە پاش ناوی کردن بە (چنار). هەندێکی بێ (کۆتایی) کردبوو ئەوانەی مصری کربوو بە (والی) ناویان بەدوا داچوو بە والی.

بەڵام ئەوانەی پێشووتر کە مابوونەوە بەناوی خۆیان (بدرخان) مانەوە.

دەرووی سێیەم :

# محەمەد سالْح بەدرخان

## 1915 -1874

ناوی محەمەد مەحمود سالْح عەبدوللا خانی ئازیزی- باپیری سالح برای میر بەدرخانی‌یە کە دوای ئەوەی میری بۆتانو بنەماڵەکەی دوور دەخرێنەوە بۆ شام. لە ساڵی 1874 لە شاری (لاذقی) بەی سوریە محەمەد سالْح بەدرخان لەدایك بوو. لە تەمەنی 5 ساڵی دایکی لەیلا خانی بەدرخان کۆچی دوای کرد. ئەو بەهێمنی مایەوە. داپیری بەخێوی کرد. لەتەمەنی 8 ساڵیدا باوکی گیراوە. داپیری ئەوی بردوە بۆ مزگەوت لە دیمەشق بۆ خوێندن. دواتر چۆتە قوتابخانەی چەقماقچی حکومی دوای تەواو کردنی ئەم قوتابخانەیە چوو بۆ قوتابخانەی ڕوشدی. لە تەمەنی پانزە ساڵی لە ئامادەیی لەشکری وەرگیرا بەلام پاش دوو ساڵ وازی هێناوە. دواتر چووە بۆ قوتابخانەی الیانس لە قودس بەلام تەواوی نەکردو گەڕایەوە بۆ دیمەشق. ئەم دەیویست لە ڕێگەی ڕۆشنبیری‌و هۆشیاری خزمەتی بە میللەتەکەی بکات. عەرەبی‌و تورکی باش باش دەزانی. شارەزایەکی باشی لە زمانی فەرەنسیدا هەبوو ئاگاداری ڕۆشنبیری ڕۆژئاوابوو بە چاکی. ئەویش ڕێچکەی کوردایەتی گرتبوو هەروەك بابو باپیرانی هەموو زولمو زۆرەکانی عوسمانلی باش دەبینی دەرهەق بە میللەتەکەی کە ئەنجامی دەدا.

لە ساڵی 1908 دوای ئەوەی دەستووری عوسمانلی ڕاگەیاندرا. کوردپەروەرو ڕۆشنبیرانی کورد بۆ ماوەیەکی باش کارو خەباتیان کردو چەندین کۆمەڵەو ڕێکخراویان دامەزراند. لە ساڵی 1910 کۆمەڵەی هێڤی لەلایەن چەند ڕۆشنبیرێکی کورد دامەزرا. دامەزرێنەرانی ئەم کۆمەڵەیە

(( مەمدوح سەلیم بەگ، خەلیل خەیاڵی، قەدری بەگ، ئەکرەم جەمیل پاشا)). م. ساڵح بەدرخان چالاکترین ئەندامی ئەم کۆمەڵەیە بوو، ئەرکی سەرەکی ئەم کۆمەڵەیە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریو هۆشیاری کۆمەلایەتی بوو بۆ لەنێو کورداندا. ئەم ڕێکخراوە چەند گۆڤارێکی بە زمانی کوردیو تورکی بڵاوکردەوە لەوانە: ﴿گۆڤاری ڕۆژی کورد، یەکبوون، هەتاوی کورد﴾ دیارترین نووسەرانی ئەم گۆڤارانە م. ساڵح بەدرخان بوو هەر بۆیەش گیرا بەتۆمەتی ئەوەی لەدژی دەوڵەت دەینوسی. لەبەر ئەوەی گیرا نەیتوانی وەکو پێویست لە (هەتاوی کوردا) بابەتو نوسین بڵاوکاتەوە. دوای گرتنی ئەو لە ساڵی 1913 گۆڤارەکان هەواڵی گرتنی ئەویان بڵاوکردەوە. ئەم گۆڤارانە دەورێکی گرنگو بەرچاویان هەبوو لە هۆشیار کردنەوەی گەلو بڵاوکردنەوەی ئەدەبو مێژوویە کۆمەلایەتیەکاندا لە ساڵی 1915 م. ساڵح بەدرخان کۆچی دوایی کرد بۆ یەکجارەکی ماڵئاوایی لە دنیای نووسینو ڕۆشنبیری کوردی کرد.

دەرووی چوارەم :

## سورەیا بەدرخان

1883 -1938



سورەیا کوڕی ئەمین عالی بەدرخان لەساڵی 1883 لەسوریا لەدایك بووە ئەندازیاری کشتوکاڵی تەواوکردوە لە ئەستانبۆل لەساڵی 1906 تاوانبار کرا بەوەی یەکێك بووە لە وانەی رەضوان پاشایان کوشت ئەوکات لەنوسینگەی سوڵتان کاری دەکرد لەبەر ئەم هۆیە دورخرایەوە .دوای ڕاگەیاندنی دەستوری دووەم لەساڵی 1908 گەڕایەوە بۆئەستانبۆل لە1908 تا1909 خولی دووەمی رۆژنامەی کوردستانی دەرکرد دوای ڕووداوەکانی 30 ی ئازار لە 1909 گیرا بەوەی تۆمەتبار کرا کەپەیوەندی بەو کەسانەوە هەیە کە کاری سەربازی ئەنجام دەدەن حوکمی اعدامی بەسەر دا درا. بەلاّم سوڵتان لێی بوری لەساڵی 1910 دوور خرایەوە. لەساڵی 1912 گەڕایەوە بۆ ئەستانبۆل کۆمیتەی نهێنی شۆڕشگێرانی کوردی دامەزراندو دەستی بەکاری سیاسی کرد. بۆجاری دووەم فرمانی کوشتنی بەسەر دادرا دوای ماوەیەك لە زینـدانی ڕای کردو لەسنوری دەسەلاّتی عوسمانی چووە دەرەوە ڕووی لەمیسر کردو لەقاهیرە گیرسایەوە لەساڵی 1917 خولی سێیەمی ڕۆژنامەی کوردستانی دەرکرد لەژێر ناوێکی خواز راوەوە بەڕێوەبەری بەرپرس (عەزیزی ئەحمەد ) لە12-ئەیلولی -1917 تا 22ی کانونی دووەم 1918 -11 ژمارەی لیَ دەرکرد بەزمانی کوردیو تورکی دەریکردووە قەبارەی ڕۆژنامەکەشی 28.0× 41 سم چوار لاپەڕە بووە. لە هەفتەی جارێك لە ژمارەیەك شەرەفنامە بلاّوکردەوە هەتا ژمارە 100.بە زنجیرەی بابەتی (1) هەر لە قاهیرە (کۆمیتەی سەربەخۆیی کوردستانی) دامەزراندوبوو سەرۆکی ئەم کۆمیتەیە سورەیا بەدرخان هەردەم لە هەوڵی ئەوەدابووە دۆزی کورد بە دنیا بناسێنیَ هەردەم پەیوەندی بەڕۆشنبیرانی دوور خراوەی کورد کردووە لە هەندەران بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری دەرەکی بۆ مەسەلەی کورد بە مەبەستی دامەزراندنی کیانی سەربەخۆیی لە کوردستان. بۆیە هەردەم لە هەوڵی ئەوە دابووە پەیوەندی دبلۆماسی زیاتر کات لەگەلَ ئینگلیز. بەلاّم دەسەلاّتدارانی ئینگلیز سورەیا بەدرخانو هاوڕێکانی لە ئامانجە سیاسیە

نیشتمانیەکەیانی دوور دەخستەوەو ماوەی ئەوەیان پێ نەدەدان چالاکی سیاسی لەناو بزرکردنی ئیدارەی مەرکەزی. وە گرفتەکانی ئیدارەی سەربەخۆیی بلاودەکردەوە لەناو کوردستان ئەنجام بدەن.

لە 5/ئابی/ 1919 عارف پاشا ماردینی سەرۆکی (کۆمەڵەی کوردستان) لەگەڵ سورەیا بەدرخان سەردانی سەرۆکی بیرۆی سیاسی هێزەکانی ئینگلیزیان کرد بەناوی ئەوەی کە ئەوانە نوێنەرایەتی خێزانە (بنەماڵە) فەرمانڕەواکانی کوردستانن بە ئامانجی (سەربەخۆیی کوردستان) لە هەمان کاتدا عارف پاشا چوو بۆ (حلب) بۆ چاوپێکەوتن رائد (نویل) لەسەر داوای لێپرسراوی مەدەنی لە بەغدا کە سورەیا بەدرخان بە باوەڕی لەگەڵی ببچڕێ لەهەمان کاتدا سەرۆکی هێزەکانی ئینگلیز (ماك اندرۆ) بلاوکراوەیەکی بەزمانی کوردی بلاوکردەوە تیایدا هاتبوو ( کە کورد لە کۆنگرەی ئاشتی هەموو مافە نەتەوەییەکانی بەدەست دەهێنێ. دەبێ باوەڕی بە فەرمانڕەوایی ئینگلیز بهێنێ. لەهەمان کاتدا سورەیا بەدرخان لە حلبوبەنهێنی بلاوکراوەیەك بەزمانی کوردی بلاوبکاتەوە بۆ ئیدانەکردنی کارەکانی مستەفا کەمال بەلام لێپرسراوی ئیستخباراتی ئینگلیز لەبەر بەرژوەندی خۆیان بە سورەیا بەدرخانی گوتبوو بێ دەنگی باشترین خزمەتە بۆ کورد.

دەورێکی باشی بینبوە لە ئامادەکردنی پەیماننامەی سیڤەی (1919–1920) بەلام بڕیارەکانی پەیماننامەکە تەنها مەرەکەبی سەر کاغەز بوونو چیتر تا ساڵی (1923) کە پەیماننامەی (لۆزان) مۆرکرا کورد لە هیواو ئاواتەکانی چەندین ساڵەیان بێ بەشکران.

بەهەر حاڵ ئینگلیز بە هەوڵی سیاسیانەی خۆی وای کرد کە بزوتنەوەی کورد ئەوکات هیچ نەکات بەرامبەر حکومەتی تورکیا لەبەر ئەوەی لە بەرژوەندی ئینگلیزدا نەبوو کورد چالاکی ئەنجام بدا لەناوچەکە کاتێك مستەفا کەمال پاشا حوکمی گرتە دەست ئەستانبۆل فەرمانی کوشتنی سورەیا بەدرخانو کامەران بەدرخانو جەلادەت بەدرخانو ئەمین عالی باوکیان دەرکرد.

سورەیا بەدرخان‌و لایەنگرانی لە ساڵی 1927 بەشداری دامەزراندنی کۆمەڵەی خۆیبون بوون.

لە ساڵی 1930 لە کاتی هەڵگیرسانی شۆرشی (ئاگری) لە کوردستانی تورکیا، ڕێگەیان نەدا سورەیا بەدرخان لەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی فەرەنسیدا بوو جێگیربێت بۆیە دووریان خستەوە بۆ فەڕەنسا بەناچاری. وەك نوێنەری خۆیبوون لە باریس مایەوە. سورەیا دەورێکی باش بینیوە بۆ ئاشتکردنەوەی کوردو ئەرمەن.

سورەیا بەدرخان بەچەند ناوێکی خوازراو پەرتوکو بەرهەمەکانی بڵاودەکردەوە: 1- عەزیزی ئەحمەد، 2- ئەحمەد عەزیزی، 3- د. بلەچ شێرکۆ لە ساڵی 1938 لە باریس سورەیا بەدرخان کۆچی دوای کرد کچێکی هەبوو بەناوی (قدرەت) وە کوڕێکی هەبوو بەناوی (حقی)ـ قدرەت شووی بە (ڕاکان هاشمی) کرد، کە لەبنەماڵەی (مەلیك حوسێن)ی ئوردنن شەش منداڵی بووە لێی دوو کوڕو چوار کچ‌و سورەیا نوزاد ـ غازی ـ نافحە ـ خزیمە ـ ناوی یەك لەکچەکان نەزانراوە، تا ئێستا لە ئوردن دەژین ـ نەوزاد لە بنەماڵەی میر ژنی هێناوەبەر هەکانی سورەیا بەدرخان زۆرن بە چەندین زمانی چاپ‌و بڵاوکردۆتەوە:

1. ئەدەبی کلاسیکی میللی کوردی: Lalitterature populairet classique.kurd.
2. ڕۆڵی مرۆڤی کورد لە کۆمەڵگا: Le Femme Kurde etson Vole Social.
3. : Citeset Cam pagnes du kurdistan.

لە ساڵی 1935 سورەیا بەدرخان ئەم بڵاوکراوە کورتانەی داوە بە کۆنگرەی (ئەنترۆ پولوجی) نێو دەوڵەتی لدبرۆکسل.

4. تاوانباری ئۆتۆمۆبیل لەدادگای سان پاریس.

5. حکومـەتی کـوردی عـەزیزی - بەهاوبەشـی لەگـەڵ کامـەران بـەدرخان بـەڵام نەزانراوە ئەم پەرتوکە چاپو بڵاوکراوەنەوە یانا.
6. (دۆزی کـورد) د. بلـەچ شـێرکۆ بـە عـەرەبی سـاڵی 1930 لـە قـاهیرە چـاپو بڵاوکرانەوە- کراوە بە فەرەنسیش.
7. بـە هاوبەشـی سـورەیا بـەدرخانو فـەرەج الله زەکـیو محەمـەد عـەلی عـەونی شەرەفنامەیان بە عەرەبی چاپ کردووە.

دەرووی پێنجەم :

# میر جەلادەت عالی بەدرخان

## 1951 -1893



مێژووی گەلی کـورد زۆر کەسـایەتیو بنەماڵـەی وای لێ هەڵکـەوتوون بەدرێـژایی ژیانیان خزمەتیان بە نەتەوەو نیشتمان کردووە بونەتە قوربانی دۆزی ڕەوای گەلەکـەیان سەروەتو سامانو خۆشی تاکە کەسیان لا مەبەست نەبووە بێجگە لە ئاوارەییو دووری وولات لە خەبات بەردەوام بوون تا ئـەو ڕۆژەی لـە غـەریبیو دووری خـاكو زێـدی بـابو باپیران سەریان ناوەتەوە یەکێك لەو کەسایەتیانەی لەدوورخراوەیی دا پەروەردە بوونو کۆتاییان بەژیان هێنا. میر جەلادەت عـالی بەدرخانـە سـەرجەم ژیـانی لـەپێناو خزمـەتی

وشـەی پـیرۆزی کـوردیو خۆشەویسـتی نیشـتمان کـردە قوربـانی بـۆ هۆشـیاری گـەل و ڕزگاری کوردستان.

ئەم زاتە لە مێژووی گەلی کوردا جێگایەکی پڕ بایەخو گرنگی هەیە، لەزۆر بواردا خزمەتی کوردایـەتی زمانــەوانی، ڕۆژنامــەوانی کـاری سیاســیو ڕێکخراوەیـی، ئــەدەبی کــوردی کردووە.

میر جەلادەت لە ڕێکەوتی 1893/4/26 لـە ئەسـتەنبۆڵ لـەدایك بـوو کەدەکاتـە کـوری سیاسەت مەدارو ڕووناکبیری کـورد ئـەمین عـالی بـەدرخان. دایکـی (سـەنیعە چـەرکەزە) ئەوکاتەی ئەمین عالی بەدرخان موفەتیشی دادگابوو. لەبەر ئەوەی لەنێو گەلی کورد ڕێزو بایەخی تایبەتیان هەبوو، حکومەتی عوسمـانلی قەدەغـەی کردبـوو بچـن بـۆ کوردسـتان دەترسان نـەبادا بزوتنەوەیـەك یـا سـەرهەڵدانێك بـەرپا بکـەن دژی دەسـەڵاتی سـوڵتان. ئەمین عالی باوکی میر جەلادەت بـۆ فێرکردنـی خوێنـدنی منالـەکانی بـۆ زمـانو ئـەدەبی کوردی. لە کوردستان مامۆستای زمـانو حکایـەت خـوانو گـۆرانی بێـژی بـۆ دەهێنـان، جەلادەتیش لەگەڵ خوشكو براکانی لەسەر دەستی ئەوان گەورەو پەروەردەبوو.

بەدرخانیەکان هەردەم لەژێر چاودێری سوڵتان دابـوون ئـەوان هـەردەم دۆسـتایەتی ئـەو بنەماڵانەیان دەکرد کە دوور خرابوونەوە بۆ ئەستانبۆڵ. حکومـەت گومـانی لێ دەکـردن، بۆیە هەرجارەی بەناوی کارو فرمان ڕەوانەی شوێنێکیان دەکردنو جێگایـان دەگـۆڕین, میر جەلادەتیش بەر

ئەم ڕاگواستنو هێنانو بردنە دەکەوت بەهۆی ئەوەی ژیانی لەگەڵ باوکی دەبردە سەر. ئەم شوێنانەی بۆی دوور دەخرانەوە وەکو شارەکانی (ئەستانبۆڵ – سـپارتە – ئەدرنـە – قۆنیا – عکا – نابلس– سـالۆتیکی ) بۆیـە قۆناغـەکانی خوێنـدنی تـا ئامـادەیی لـەم شوێنانە تەواو کردبوو، لەگەڵ ئاوارەییشدا هەستی نەتـەوەییان پتـەوتر دەبـوو، بـەهۆی ژیانی دوور خرایەوەو ئاوارەیی، میر جەلادەت جگە لەزمانی کوردی زمانەکانی (تـورکی، عەرەبی، فارسی، فەرەنسی، ڕووسی، ئەلمانی، یۆنانی، ئینگلیز)ی زانیوە.

لـە تەمـەنی 18 سـالّی دەچـێتە کۆلێـژی جـەنگ بـە (ئەفسـەر) دەردەچـێت لەشەڕی یەکـەمی جیهانیـدا بەشـدار دەبێت، لـە قـەفقاس لـە بەرامبـەر لەشـکری ڕووس واجبـاتی دەبێـت. لـە کۆتـایی هـاتنی شـەڕی یەکـەمی جیهـانی لـە ئـەنجام دەولّـەتی عوسمانلی تێك دەچێت ئەوکات. جەلادەت، لە ئەستانبۆلّ تێکەلاّو بە سیاسەت دەبێت. لـە کۆمەلّـەی ڕێکخسـتنی بزوتنـەوەی کـوردا) دەسـت بـەکاری ڕێکخسـتن دەکـات بـە هەستێکی نەتەوەیی پتەو بۆ ڕزگاریو دروست کردنی کیانێکی کوردی سەربەخۆ.

دوای سـەرکەوتنی بریتانیـا لەشـەڕ هـەولّی جێگیربـوونی خۆیـدا لـە کورسـتان لـە سـالّی 1919 میر جەلادەتو کامەران بەدرخانو ئەکرەم جەمیل پاشاو فائق تۆفیق چوون بۆ کوردستان ئەو کات فەرماندەی سیاسی (مێجەر نۆئیلی) لێبوو مەبەستی چوونەکەیان بۆ کوردستان ئامادەکاریەکانی پەیمانی (سیڤەر) بـوو کەمالیستەکان هەسـتیان بـەم کـارە کردە بۆیە هێزیان ڕەوانەی سەریان کردن بەلاّم ئەوان نەکەوتنە بەردەست هێزەکە- هـەر لەنێو هـۆزو سـەرەك عەشـیرەتە کوردەکـان دەگـەڕان قسـەو باسـیان لەگـەلّ دەکـردنو لەسەر بارودۆخی ئەوکاتو جارەنووسـی گـەلی کـورد دەدوان لەگـەلّیان کاتێـك لـە سـالّی 1922 کەمالیسـتەکان حوکمیـان گرتـە دەسـت لەئەسـتانبۆل فـەرمانی کوشـتنی سەرکردەکانی کوردیاندا. ئەو فەرمانە ئەندامانی بنەمالّەی بەدرخانیەکانیش گرتەوە.

سـالّی 1922مـیر جـەلادەتو کامـەرانو سـەفدەری بـرایو تـۆفیقی بـرازایو (حقـی) بـەنیازی خوێنـدن چـوون بـۆ ئـەلمانیا. ئـەمین عـالی باوکیـان لەگـەلّ سـورەیەو ئەندامانی تری بنەمالّەکەیان چوون بۆ قاهیرە(میسر)

دوای سالّی 1924 کەمالیستەکان دەستیان بەسـەر هـەموو ملـكو سـەروەتو سـامانی بەدرخانیەکان داگرت.

میر جەلادەت لەژیانی لە ئەلمانیا ئەدۆلف هتلری ناسی ئەو دەم هتلر بەبیرو باوەڕوی بە کەسێکی ڕاستو نەتەوە پەرست نەدەناسرا لەکاتی سەرهەلّدانی شۆرشی شێخ سەعید

لەساڵی 1925 جەلادەت بۆ بەشداری لە شۆرش لە ئەلمانیاوە گەڕایەوە بەڵام تا ئەو گەیشتەوە کوردستان



شۆڕش شکستی هێنابوو. میر جلادەت ناچارما جارێکی تر بە هاوکاری عەشیرەتە کوردەکان گەڕایەوە بۆ ئەڵمانیا.

ئەو کات (سەفدەری) برا بچووکیان بەهۆی نەخۆشی لە ئەلمانیا گیانی لەدەست دابوو. کەمالیستەکان چەند کەسێکیان لە بنەماڵەی بەدرخانیەکان بەدەر هێنا بۆلای خۆیان وەزیفەی باشیان پێدا بوون. تۆفیق گەڕابۆوە تورکیا حکومەتیش پاشناو بان گۆڕیبوون بەزۆری

کردبوویان بە (چنار) ڤاسیڤ چناری برازای میر بەدرخان لەگەڵ مستەفا کەمال کاری دەکرد کرابوو بە وەزیری پەروەردە.

میر جەلادەت لە ئەلمانیا لیسانسی لە یاسا ـ لە میو نخ تەواو کرد، نیازی وابوو نامەی دکتۆراکەی تەواو بکا، ئەوکات باوکی نەخۆش



کەوتو ناچار ما بگەڕێتەوە قاهیرە. ئەوەبوو لە ساڵی 1926 ئەمین عالی باوکی کۆچی دوایی کرد میر جەلادەت چوو بۆ لبنان ـ بیروت.

دوای شکستی شۆرشی شێخ سەعید. کوردێکی زۆر خوێندەوارو ڕۆشنبیر ڕوویان لە سوریەو لبنان کردبوو. ئەوکاتەی میر جەلادەتیش لەوێ نیشتەجێ بوو هەستی نەتەوەیی‌و دووری نیشتمان وای لێ کردن

بیر لە دروستکردنی ڕێکخراوێکی نەتەوەیی بکەنەوە بۆ یەکخستنی ڕیزەکانی گەل‌و بەرپاکردنی شۆرش ئەوەبوو لە 1927/2/5 کۆنگرەیەك بەسترا لە شاری (بێ حەمدونە)ی لبنان سەرۆك هۆزو ئاغاو بەگ‌و وولا ت پارێتزان تیایدا بەشداربوون. هەموو کۆمەڵەکانی تری پێشویان هەڵوەشاندەوە. کۆمەڵەی (خۆیبوون) بە هەستێکی سیاسی‌و نەتەوەیی دروست بوو ڕاگەیەنرا بە مەبەستی ڕزگاری کوردستان لەژێر چەپۆکی تورك.

ئەوانەی بەشداری دامەزراندنی کۆمەڵەی خۆیبوون بوون:

((میر جەلادەت، مەمدوح سەلیم بەگ، هەمزە بەگ، ئەکرەم‌و قادری جەمیل پاشا، حاجۆ ئاغا، ئەمین ڕامانی، عەلی ڕەزا، کەریم بەگ، تۆفیق بەگ، کامیل بەگ، سورەیا بەدرخان، محەمەد شوکری سەگبان، فەهمی لیجەیی، بۆزان شاهین، حسین پاشا کۆر، ئەحمەد عبدالرحمن ئاغا، موسا بەگ)).

بە تێکڕایی دەنگ میر جەلادەت عالی بەدرخان بـە سـەرۆکی کۆمەڵـەی خۆیبـوون دانـرا. ئیحسان نوری پاشاکە سەرکردەی شۆرش ئاگری بوو. وەك نوێنەری ئاگری بەشداری لـە کۆبوونەوەکانی (خۆیبوون) دا کـردووە. یـەك لـە بڕیارەکـانی (خۆیبـوون) بـۆ پشـتگیری کردن لەسەر هەڵدانیشۆڕشی ئارارات لە سنوری هەرێمی (بنخەتێ) لەشکر ئامادە بکرێ.



ئیحسان نووری پاشا

بەو ئامانجەی میر جەلادەتو حـاجۆ ئاغاو رەسـول ئاغـا لـە هـەرێمی (تـۆرێ) هێـرش بکەنـە سـەر بنکـەو بارەگاکـانی قـەرە قـۆڵی تورکـان. بـەڵام ئـەوان نەگەیشـتن بـە ئامانجەکانیان. میر جـەلادەت ڕووی لـە چـیای (ئـارارات) کـردوو تێکـەڵ بەسـەرهەڵدانی (سەر حەدێ)بوو.

لە ئەنجامدا ڕاپەڕین شکستی هێنا، ئیحسان نوری پاشاو میر جەلادەت چوون بۆ ئێران. محەمەد شـا پەهلـەوی دەیویسـت ئـەوان لـە کـوردان دووربخاتـەوە لـە یـەکێك لـەوڵاتان بەسەفیری ئێران دایبنێن. میر

جەلادەت ئەوەی قبولڵ نەکرد. بۆیە لە ئێران دەریان کرد، ئەویش ڕووی لە عێراق کردوو ماوەیەك لە کوردستانو بەغدا مایەوە.

ئینگلیز نەیان دەویست ئەو لەبەغدا بمێنێتەوە خستبوویانە ژێر چاودێریەوە بەتایبەتی ئەوکات حکومەتی ئینگلیز لەگەڵ کوردا تەبا نەبوو- بۆیە میر جەلادەت بەناچاری جارێکی تر ڕووی کردە (سوریا) لەوێ دەستی بەکاروباری خەبات کرد.

لەگەڵ بنەماڵەی جەمیل شاو هەمزەی موکسیو حاجۆ ئاغاو چەند ڕووناکبیرێکی تری کورد کۆمەڵەیەکیان دامەزراند بەناوی (جڤاتا هاوکاری کورد) بە مەبەستی هاوکاریو یارمەتیدانی ئەو کودانە لە باکووری کوردستان کۆچیان کردبوو بۆ سوریە- سوریە لەلایەن فەرەنساوە داگیرکرابوو. پەیوەندی نێوان. فەرەنساو تورکیا باش بوو، فەرەنسا لەژێر کاریگەری حکومەتی تورکیا نەیان هێشت لە کوردستان بمێنن ئەوەبوو لە 1930/8/25 سەرجەم وولاتپارێزو ڕوشنبیرانی کوردیان بەزۆری برد لەشام جێگریان کردن ئەوانەش بریتی بوون لە (میر جەلادەت، حاجۆ ئاغاو بنەماڵەکانی، دکتۆر ئەحمەد نافیز، نورەدین زازا، شاعیر قەدری جان، ئەکرەم پاشا، محەمەد جەمیل پاشا، هەمزەی مەکسی). ئەو کات لەبەر کاریگەریو دەوری وولاتانی داگیرکەر هەڵو مەرجی کاری سیاسیو بەرپا کردنی شۆرش بۆ کورد نالەبار بوو، میر جەلادەت گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە ئێستا بۆ کورد نالەبارە ناتواندرێ ڕێکخستنێکی سیاسی ئامادە بکرێت بۆ شۆرشو ڕزگاری کوردستان .

## جەلادەتو ڕۆژنامە نووسی







میر جەلادەت بریاریدا ڕێگایەکی تر هەڵبژێرێ، ئەویش هوشیارکردنەوەی کورد بەوەی فێری خوێندنو نووسین بن. بۆیە بڕیاری کاری ڕۆشنبیریدا بۆ هۆشیارکردنەوەی گەلەکەی.

لە ڕۆژانی دوورخراوەییدا لە شام دەستی بەزانستی زمان کرد. لەئەنجامی زانینو بەراورد کردنی زۆر زماندا میر جەلادەت توانی ئەلفو بێی لاتینی بۆ نووسینی کوردی دابهێنێ. کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد کە میر جەلادەت چەندین زمانی بێگانەی زانیوەو شارەزاییەکی باشی لەزمانەکانی بێگانەدا هەبوو.

بۆ ئەنجام گەیاندنی بیرو بۆچوونەکانی پێویستی بەدەرکردنی گۆڤارێك بوو، بۆیە لە 1931/10/26 مۆڵەتی دەرکردنی گۆڤارێکی وەرگرت لە حکومەتی فرەنسی بۆ دەرکردنی گۆڤارەکە لە سوریا. 3 مانگ بەر لەدەرکردنی گۆڤاری هاوار میر جەلادەت کۆمەڵەیەکی دانابوو بۆ یارمەتیدانی ئەو کوردانەی لە باکور لە ئەنجامی ڕاپەڕیندا رویان لە سوریە دەکرد لە (حەسەکە) حەسەنی حاجۆ بەرپرسیاری ئەو کۆمەڵەیە بۆشامیش د. ئەحمەد تاهیر بەگ بوو.

## گۆڤاری هاوار




لە 1932/5/15 یەکەم ژمارەی گۆڤاری هـاواری چـاپو بڵاوکـردەوە هـەر لـە هەمان سـاڵدا پـەرتوکێکی بـەناوی ڕێزمـانی ئـەلفـو بێـی کـوردی چـاپکرد هـاوار مـانگی دووجار دەردەچوو بە کوردی لەگەڵ هـەر ژمارەیـەکی دا 3– 4 لاپـەڕەی بـە فەرەنسـی بوو هەتا ژمارە 23 نووسینی کوردی گۆڤارەکە بەپیتی عـەرەبی و ئـەلفـو بێـی لاتینـی بوو. لەدوای ئەو ژمارەیە نووسینی گۆڤاری هاوار بوو بەلاتینی.

لە ژمارەکانی پێشوو تردا زۆربەی بەرهەمەکانی میر جەلادەتو کامەرانی بـرای بوو ئەو کات کامەران لە لوبنان دەژیا. میر جەلادەت هەردەم داوای دەکرد بەرهەمەکانی بەزمانی کوردی بنووسن نەك بەزمانی بێگانەی فارسیو تورکیو عەرەبی، ئەو ئەلفـو بێ یەی جەلادەت پێشتر دایناوبوو لە هاوار بلاوی دەکردەوە لەدوای ژمـارە (4) وە چـەندین کەسـی تـر بەرهەمـەکانیان لـەنێو لاپـەڕەکانی هـاوار بەرچـاو دەکـەوتن، گـەلێك لەوانـە ئەدیبو نووسەری بە توانـا بـوون، بـەم جـۆرە هـاوار تـا سـاڵی 1943 بوبـە پێشـەنگی زمـانو ئـەدەبی کـوردی، جـەلادەت لـەژمارەی پێشـوو لـەڕیزی پێشـەوەی ئـەدەوەی دەنووسی ((هاوار دەنگی زانینە، زانین خۆناسینە، خۆ ناسین بۆ ئێمـە ڕێگـای ڕزگـاریو خۆشیە)).

جەلادەت لە شـام، توانایـەکی ئـابووری باشـی نـەبوو، بۆیـە لـە چـەند بـارێکی ئـابووری ناخۆشـی دەژیـا، لەبـەر خراپـی بـاری ئـابووری ناچـار مامۆسـتایەتی زمـانی

فەرەنسیو پارێزەری دەکرد، لە سامحیە لە ژوورێك دەژیا ئەم ژوورە ناوەندی هاوارو میوانخانەو هەم شوێنی نووستنی بوو.

لە ژمارە 20ی ساڵی 1933دا بە بۆنەی یەکەم ساڵوەگەڕی دەرچوونی گۆڤاری هاوار میر جەلادەت ئەم چەند دێرەی نووسیوە:

﴿ گۆڤاری هاوار بناغەی زمانی ئێمەی دانا، دەبێ بزانین کە زمان هێمایەکە لەو هێمایانەی بۆچوونی ئێمە، بەبێ زمان ئێمە ناتوانین خۆمان بە گەلێکی ئازادو سەر بڵند بزانین وەکو گەلانی تر کەسەر بڵندو ناسراون، هەموو گەلانی دونیا بیر لەزمانی خۆیان دەکەنەوە، گەلانی ژێردەست ئەوانەی زمانی خۆیان لەبیر نەکردووە وەکو ئەوە وان کە لە گرتووخانەیەك بن بەلام کلیلی دەرگا لەدەست خۆیان بێتو هەر ڕۆژێك ئەوان بیانەوێت دەردەچن، بەلام ئەو گەلانەی زمانی خۆیان لەبیر دەکەن، وەکو ئەو گرتوانەوان کە لە گرتوخانە کلیلی دەرگای لەدەست دوژمنەکانیان دایە دوژمنیش دەرگایان لێ ناکاتەوە، ئێستا ئێمەی کورد کلیلی دەرگا لەدەست خۆمان دایە﴾.

میر جەلادەت هەردەم چاوی لەوە بوو دەرفەتێکی بۆ برەخسیو بگەڕێتەوە کوردستان بەڵام لەدوای سەرکوتکردنی سەرهەڵدانی بنەماڵەی (عالی یونس) ئەو تێگەیشتبوو کەلە ڕۆژگارێکی وا نزیك ناتوانێ بگەڕێتەوە بۆ کوردستان لەبەر ئەوە بڕیاری ژنهێنانی دا، ئەوەبوو لە ساڵی 1935 دا ڕەوشەنی بەردخانی ئامۆزای هێناو بوون بە هاوسەری یەکتر.

ڕەوشەن خان مامۆستا بوو لەڕووی ئابوریەوە ژیانو گوزەرانیان باشتر بوو لە ژیانی هاوسەرێتی رەوشەن خان و میر جەلادەتدا، کچێکیان بەناوی (سینەم خان) لە 1938/3/21 دابوو. کوڕێکیشیان بەناوی (جەمشید) لە 1939/11/9 دابوو. کوڕێکیشیان بەناوی (سەفدەر) بوو بەڵام ئەو لەتەمەنی یەك ساڵی گیانی لەدەستدا، رەوشەن خان لە مێردی یەکەمیدا کچێکی هەبوو بەناوی (ئوسیما) ئەویش لەگەڵ ئەوان

دەژیا (جەمشید) لە ئەلمانیا دکتۆری تەواو کردبوو لە ساڵی 1999 کۆچی دوایی کرد، کوڕو کچێکی هەیە بەناوی (کوردۆو ئەڤین) ئێستا ئەوان لە ئەلمانیا دەژین.

سینەم خان ئێستا لە بەغدا دەژیت لەگەڵ هاوسەرەکەی ناوی (سەلاح محەمەد سەعدوللایە)، خەڵکی زاخۆیە ئەویش نووسەرو زمانزانو وەرگێڕ (ئوسیماش) لە قاهیرە لەگەڵ هاوسەرەکەی دەژی لە ساڵی 1939 میر جەلادەت دەبێت بە بەڕێوەبەری کۆمپانیایەکی جگەرەی فەرەنسی بەناوی (ڕێگی).

لەگەڵ دەست پێکردنی شەڕی دووەمی جیهانی جارێکی تر گوشاری سیاسی کەوتە سەر ڕۆشنبیرانی کورد لە سوریا، حکومەتی فەرەنسی لە ساڵانی 1943-1946 دا بە زۆری میر جەلادەتیان لە شام نیشتەجێ کرد قەدەغەبوو بچێتە دەرەوە، ئەم لەبەر ئەوەی حکومەتی سوری ساڵی 1947 ڕێی پێدابوو بەشداری هەڵبژاردن ببێ بەڵام کاتێ کەبینی لە شارەکانی کوردستان دەنگێکی زۆری بەدەست هێناوە بۆیە جارێکی تر گەڕاندویانەوە شام بەزۆری نیشتەجێیان کرد ئەم نیشتەجێ کردنە تا ساڵی 1948 درێژەی کێشا. لەکاتی شەڕی دووەمی جیهانی میر جەلادەت گۆڤارێکی تری دەرکرد بەناوی (ڕۆناهی) بە زمانی کوردی ژمارە (1)ی لەنیسانی ساڵی 1942 لە شام دەرکرد ژمارەی پێشووی لەسەر هەواڵو دەنگو باسی شەڕی جیهانی بووە. بەڵام دواتر بابەتی زمانو ئەدەبو وێژەی تیادا بڵاو دەکرایەوە تا ئاداری 1945 (28) ژمارەی لێ دەرچوو، بەپیتی لاتینی دوای ئەوەی گۆڤاری هاوار لە ساڵی 1943 وەستا میر جەلادەت گرنگی بە ڕۆناهی دا. گۆڤاری هاوار لەڕێکەوتی 1932/3/15 تا ڕێکەوتی 1943/8/15 (57) ژمارەی لێ دەرچوو بەڵام هاوار چەند ساڵێك چاپو بڵاو نەکرایەوە لە ڕێکەوتی 1935/8/18 هەتا 1941/4/15 ئەوکات کامەرانی برای لە لوبنان گۆڤارەکی دەردەکرد بەناوی ( ڕۆژانو) بەزمانی کوردی ـ فەرەنسی. میر جەلادەت لە نوسینێکیدا باسی سێ ڕێکەوتنی مێژووی دەکات. لە ژیانی هاواردا گرنگو دیارن 1932/5/15ـ و 1935/8/18ـ و 1941/4/15.

لە مێژووی یەکەمدا 1932/5/15دا بانگی هاواری کوردان دەکات بەدڵو گیان لەنێو سنووری کوردان چەند لاپەڕەیەکی گوڤاری کوردی دەرچوو لە کوردان، هاوارە، هاوارەکی نویێ، هاواری زانینو زانست ئەو ڕۆژە لە مێژوودا بەڕۆژێکی بزوتنەوەی ئەدەبیو هوشیار دەزانرێ، لەو ڕۆژەدا کورد بوو بە خاوەنی ئەلفو بێیەکی کوردی سەربەخۆ. ئەلفو بێیەکی جیا لە ئەلفو بێ ی گەلانی تر.

ئیتر ئێمە لە ئەلفو بێی زمانی بێگانە دەرباز بووین، ئەو ئەلفو بێیەکی میر جەلادەت لە ساڵی 1919 دا کاری لێ دەکردن لە هاوار بڵاوی کردەوە. باسی ئەوە دەکات ئەو ڕۆژانەی ئەوان لەژێر کاریگەری سێبەری زمانی ژێر دەستیدا کاری ئەدەبیمان دەکرد، ئێستا ئێمە ڕزگاریمان بوو لەژێر کاریگەری ئەوان ئیتر ئێمە بووین بە خاوەنی زمانێکی سەربەخۆ.

میر جەلادەت بەردەوام کاری لەزانستی زمانی کوردیدا دەکرد تا زیاتر گەشە بکات پێش بکەوێ ڕۆژ بەڕۆژ شتی نوێتری دەخستە سەرو گەشەی پێ دەدا.

لە مێژووی دووەمدا 1935/8/18لە ژمارە 26ی هاوار بڵاوکرایەوە ئیتر وەستا لە ژمارەکانی پێشوو تر ئەلفو بێی زمانی لاتینی بەڕێژەیەکی باش بڵاوکرابۆوە.

دوای وەستانی هاوار بە بەردەوامی نا بەڵکو جار ناجار بەر کولێك بڵاو دەکرایەوە.

لەو ساڵانەدا کورد بەڕێژەیەکی باش فێری خوێندنو نووسین ببون ئەو کات کورد ببوە خاوەنی نووسینو خوێندنی خۆیان. خەڵکێکی زۆری کورد ڕووی لە قوتابخانەکرد بە مەبەستی فێربوونی خوێندنو نووسین، فێری وانەی نیشتمانی ببون ئەوانەی نەخوێندەوارو نەزان بوون لەسەردەستی زاناکان فێربوونو هەستانە سەر پێیان.

میر جەلادەت هەردەم بانگەوازی ئەوەی کردووە باچیتر لەژێر کاریگەری زمانی بێگانە دیلو بەند نەبینن. دەربازببین، بانگەواز دەکاتو دەڵێ ماڵ وێرانینە ئێمە چەندین ساڵە بەزمانی بێگانە کارمان کردووە. عەیبە شوورەییە ئێوە فێری زمانی

خۆتان بن. مەڵێن ئێمەی کورد بێ زمانین بۆ ئێمە ڕوو ڕەشیە. شا باشی هەژاریو پیرۆزی بۆ ئەوانەی فێری زمانی خوێندن بوونە. ئێستا ئەوانە کلیلی فێربوونی زمانی خۆیان لەگیرفان دایە، لەژێر دیلیەتی زمانی بێگانە ڕزگاریان بوو. حەیفو مخابن کە نوێژ بەزمانی تر دەزانن بخوێنن بنووسن بۆ ئەوەی ئەلفو بێی زمانی خۆتان باش بناسن بۆ فێربوون هیچ کاتێك درەنگ نییە، کاتی فێربوون لەچ کەسێك ناڕواو. ئەوانەی ئەلفو بێی زمانی خۆیان نازانن زمانی تر زۆر دەزانن ڕۆژێك دادێت پرسیار بکەن بڵێن ئەلفو بێ ی کوردی چۆنە بەڵام کەس نازانێ ئەو ڕۆژە دوورە یان نزیك خوێندەواران حەوت ساڵ بێ هاوار بوون، وەك ئەوە وابوو کە حەوت ساڵ بێ ئاو بێ باران بن لە مێژووی سێیەمدا: 1941/4/15 ژمارەکانی تری پێشووی هاوار 26 ژمارەی لێ دەرچووە لەوانە فێری ئەلفو بێ بکەن، لەدوای دەرچوونی جارێکی تری هاوار شتی باشترو نوێ تر لەبارەی زمان بلاْودەکرێتەوە، لەژمارەکانی پێشووتردا (ئەلفو بێ)م بڵاوکردبۆوە لەداهاتوودا زیاتر گەشە بەزمانی نوسینو خوێندن بدەم وبڵاوی بکەمەوە ڕێزمان لەزمانی کوردیدا دەرفەتێکی نوێیە هەر زمانێك لەسەر بناغەی سێ هێما پێك دێت. ئەلفو بێ ڕێزمان فەرهەنگ. دەست بە بلاْوکردنەوە دەکەین، ئەگەر حەز بکات فەرهەنگەکی لەگەڵ دەبێ. بە کورتی ڕێزمان بریتیە لەڕاستی نووسینو ڕاستی گفتو گۆکردن ئەو ڕێزمانەی ئیمڕۆ لە هاوار بلاْودەکەمەوە بناغەی ئەوم لە ساڵی 1929دا لە (حەسەکە) دانابوو. لەو کاتەوەڕا من کارم تێدەکرد پێرار من ڕێزمانێکی قوتابخانەم لەگەڵ هەندێك شتی تر ئامادە کردبوو بەڵام لەگەڵ دەست پێکردنی شەڕ نەمتوانی چاپیان بکەم.

ئێمە ڕۆژ بەڕۆژ پێویستمان بەڕێزمان دەبێ ئەو گەنجانەی فێری خوێندنو نووسین دەبن، دێن پرسیاری (قواعدی) زمانی خۆیان دەکەن ڕێزمانێکیان دەویست لەو کاتانەدا من جارێکی تر بڕیاری چاپو بڵاوکردنەوەی لە نوێی هاوارمدا. ئەو کات بێ دەستم بەدابەشکردنی ڕێزمانێکی تر کرد. ڕێزمانی قوتابخانە بناغەی نوسینی ڕێزمانی

کوردی، ئێستا ئەو ڕێزمانە لە هاوار بلاّودەکـە مـەوە پـەرتوکێکی تـرم نوسـیوە بـەناوی پەرتوکی (سینەم خانی) تایبەت بـەڕێزمانی منـالاّنی بچـووك کاتێـك تـەواوم کـرد لەگـەلّ هاوار چاپی دەکەم.

ئـەم چـەند دێرانـە تایبـەت بـوون بـە مێـژووی هـاوار مـیر جـەلادەت چـەندین نووسینی بلاّوکردۆتەوە تیایدا گلەیی‌و گازاندەی لە کوردی زاناو نەزان کردووە.

ئەو هەردەم داوای کردووە لە داهاتووی نوێدا (فێرین، فێربن، فێربن، فێرکـەن، فێرکەن، فێرکەن). بەردەوام گوتویەتی هەر کوردێك خوێنـدن‌و نووسـینی هـەر زانسـتێك دەزانن ئەوانە فێر بکات کە نـازانن بـەدوای نەزانانـدا بگـەڕێن‌و فێریـان بکـەن فێربـوون‌و فێرکردن تەنیا ڕێگەیەکە بۆ پێشکەوتن. دەتوانن خۆشـترو بـە ئـازادی بـژین. ڕای وابـوو تێگەیشتن‌و فێربوون زیـاتر بوونـە گـۆڕانێکی باشـترو چـاکتر لـە پێشـتر دێتـە پێشـەوە. چونکە جاران ئەلفو بێ بەتەنها هەبوو بەلاّم ئێسـتا ڕێزمـانیش لەبـەر دەسـت دایـە، بـۆ بونی زمانێکی کوردی پاك‌و پوخت‌و بێگەرد.


## دوا ساتەکانی ژیان‌و ماڵ ئاوایی میر جەلادەت

لەبەر خراپـی بـاری ئـابوری‌و ژیـانی خێزانـی میرجـەلادەت ناچـار بـوو دەست بەکارێك بکات بۆ دابین کردنی پێویستیەکانی ژیانی ڕۆژانە ساڵی 1950 چوو لە گونـدی (حاجان) لـە نزیـك سـنوری سـوریا دەسـتی بـەکاری کشـتوکاڵی کـرد. چـەندین هـاوڕێی دەوڵەمەندی هەبوو ئەوان دەیانویست یارمەتی بدەن بەلام ئەو ڕازی نـەدەبوو بەمـە. بـۆ ئاودانی پەمۆو زەویەکان بیرێکی لێ دابوو ناوی بیرەکەی نابو (بیری قەدەرێ) هـەر بـەو ناوەش نامەی بۆ دۆست‌و ئەندامانی بنەماڵەکەی دەنووسی.

لـە 1951/7/15 کاتـژمێر 9 ی بـەیانی لـە ئـەنجامی کارەسـاتێك کـە لەسـەر لێـوی بیرەکەوە وەستابوو کەوتە ناو بیرێ‌و گیانی لەدەستدا.

چەند بۆچونێك هەیە لەسەر چۆنیەتی مردنی میر جەلادەت دەڵێن گوایە لەسـەر لێـوی بـیر وەسـتاوە تووشـی سـەکتە بـوەو کەوتوەتـە نـاو بیرەکـەوە ڕایـەکی تـریش گوایـە کەوتوەتـە نـاو بـیرو گیـانی لەدەسـت داوە. میرجـەلادەت لـە گۆڕسـتانی شـێخ خالیـدی نەقشبەندی لە شام لە پاڵ گۆڕی میر بەدرخانی باپیری شاردراوەتەوە.

لەسەر کێڵی گۆڕی مـیر جـەلادەت پارچـە شـیعرێکی (قـەدری جـانی) دۆسـت‌و هـاوڕێی نوسراوەو هەڵکەندراوە.



**میری کورد**

**لاوی کوردستان**

**ناوی بەدرخان**

**جەلادەت**

**فداکاری فدە بیٚ هیمەت**

**هیندەکیٚو بیٚ کو فید دبن اخ بو**

**گیانیو بیٚ بلٚند بیٚ ئاسمان بیٚ بو**

**نەمریە زندیە**

**ناویٚ وی ئەبەدیە**

میر جەلادەت لەژیانی ئاوارەییو کولەمەرگی ڕۆشنبیری خۆیدا بێجگە لەدەرکردنی چەند گۆڤارێكو چەندین پەرتوکیشی نووسیوە بەرهەمەکانی:

1. ئەلفو بێی کوردی.

2. ڕێزمانی کوردی.
3. ڕێزمانی ئەلف‌و بێی کوردی.
4. فەرهەنگی کوردی.
5. دیباجەی نوێژی یەزیدیان.
6. دیباجەی مەولوودی.
7. لاپەڕەکانی ئەلف‌و بێ.
8. گۆڤاری هاوارو ڕۆناهی.
9. نامەیەك بۆ مستەفا کەمال.

وەرگێرانی چیرۆك‌و چەندین نووسین‌و گوتاری چاپکراو چاپ نەکراوی هەیە میر جەلادەت‌و کامەرانی برای جگە لە گۆڤار دەرکردن چەندین پەرتوکی بەنرخیان پێشکەش بە پەرتوکخانەی کوردی کردووە سلاو بۆ گیانی سوارچاکانی بنەماڵەی بەدرخانیەکان ئەوانەی مێژوویەکی پاك‌و بێگەردیان تۆمار کردوە لەنێو لاپەڕەکانی مێژووی کورددا لە پێناو خزمەتکردنی گەل‌و نیشتمانەکەیان سلاو بۆ مامۆستاو سیاسەتمەدارو ڕۆژنامەوان‌و ڕۆناکبیری کورد میر جەلادەت.

1. ئەم زانیاریانەم لە ئەحمەد قمری بەرواری وەرگرتووە.
2. لە ڕێگای گۆڤاری هاوار توانی جەوانان فێری ئەلف‌و بێی لاتینی ببن بۆ نووسین‌و خوێندن وەهەروەها توانی یەکگرتوویی لەنێو ڕێنووس‌و شێوە دیالکتیکی کرمانجی بکا. توانی ئەدەبی میللی لە فەوتان ڕزگار بکا... توانی زۆرینەی چین‌و توێژەکانی ئاشت بکاتەوەو لێکیان نزیك بکاتەوە.
3. جەلادەت بەدرخان کاتێك لە (میونیخ) پرۆفیسۆر (روسی هاچ)ی بۆ یەکەم جار چاوپێکەوت، بە میر جەلادەتی گوتبوو کاتێك سەیری پەرتوکێك دەکەی باس

لە کوردستان بکات قسە لەگەڵ هەر کەسێك دەکەی شتێك لە بارەی کورد بزانیٚ. ڕاستەوخۆ قسە لەسەر بەدرخانیەکان دەکات.

4. **یوسف ئەحمەد مەنتك**2004/9/22ئەڵمانیا

دەرووی پێنجەم :

# کامەران بەدرخان

1979 -1895




لە ڕێکەوتی 21 ئاب ساڵی 1895 لە دمشق لەدایك بووە قۆناغەکانی پەروەردەیی وەکو براکانی بووەو ژیاوە. لە ساڵی 1922 لەگەڵ جەلادەت بەدرخان بەنیازی خوێندن ڕوودەکەنە ئەڵمانیا لەنێوان ساڵانی 1922– 1924 لە میونیخ لەگەڵ یەکتربوون لە زانکۆی لایزیك ئەلمانیا دکتۆرای لە صفوف وەرگرتووە.

لە ساڵی 1947 لە فەرەنسا (سەنتەری توێژینەوەی کوردی) دامەزراند دەرسی زمانو ئەدەبی کوردی لە پاریس لەبەشی زمانی زیندووی نەتەوەکانی شرق، لەنێوان ساڵانی 1947– 1970دا دەوتەوە. لە باریس کاری باشی دەکرد بۆ ڕاکێشانی سەرنجی ڕای گشتی دەرهەق بەدۆزی کورد، لە ساڵی 1948 بە هاوکاری خوێندکارانی

کوردی ئەوروپا گۆڤارێکیان دەرکرد لە فەرەنسا بەناوی (بولتەن) بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری دەربارەی کێشەی ڕەوای گەلی کوردو ناساندنی بەدونیاـ ئەم گۆڤارە بەزمانی ئینگلیزیو فەرەنسی بڵاو دەکرایەوە تا ساڵی 1960 توانیان زیاتر لە51 ژمارەی لێ دەرکەن.

لە ساڵی 1949 لەگەڵ چەند قوتابیەکی تری کورد کۆمەڵەیەکی قوتابیانیان دامەزراند، بەمەبەستی هاوکاری کردنی ئەو قوتابیانەی کەتازە دەگەیشتنە ئەوروپاـ ئەم کۆمەڵەیەش بەناوی (کۆمەڵەی لاوانی دیموکراتی کورد) بوو، عیسمەت شەریف وانلیو نورەدین زازاش ئەندامی دامەزرێنەری ئەم کۆمەڵەیە بوون تا سەفەری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای کرد، ڕاپۆرتێکی دەربارەی وەزعی گشتی کورد پێشکەش بە ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان کرد.

لە ساڵی 1961 دا توانی ڕای گشتی ئاگاداربکاتەوە سەبارەت بە شۆرشی کوردستانی باشور. دەربارەی هێرشی دڕندانەی سوپای عێراق بۆ سەر هاوڵاتیانی کوردو لەناوبردنی بە کۆمەڵی کوردو سوتاندنی گوندەکانی کوردستان ـ توانی ڕۆژنامە نووسانی بیانی بێنێتە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان بۆ دووەم جار سەفەری نەتەوە یەکگرتوەکانی کرد بۆ گەیاندنی دەنگی شۆڕشگێرانی کورد بەدونیا.

ساڵی 1970 چووە ڕیزی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستانی باشوور لەنزیکەوە لەگەڵیان دەژیا. چاوی بەزۆر خەباتکارانی ئەوکات کەوت. ساڵی 1979 کۆچی دوایی کرد.

لەنێوان سالانی 1943– 1946لە لوبنان – بەیروت د. کامەران بەدرخان گۆڤاری (ڕۆژانو ـ ستێر)[6].ی چاپو بلاوکردۆتەوە.




دەرووی شەشەم:

## ڕەوشەن بەدرخان

1992 -1909



[6]. گۆڤاری شێر بە ئەلفو بێی لاتینی دەردەچوو لە سالی 1943 تەنها 3 ژمارەی لێ دەرچووە. ڕۆژنامەی (ڕۆژانو) لە سالی 1942 بەزمانی کوردی فەرەنسی چاپو بلاودەکردەوە. 73 ژمارەی لێ چاپو بلاوکراونەتەوە تا سالی 1946.

ڕەوشــەن بــەدرخان کچــی محەمــەد ســاڵح بــەدرخان‌و خێزانــی جــەلادەت عــالی بەدرخانە. هەردوکیان خزمەتێکی زۆریان بە بزاڤی ڕۆشنبیری کوردی کردووە. بەتایبەتی جەلادەت کە لەنێو ڕۆشنبیرانی کورد جێگایەکی تایبەتی هەبوو.

ڕەوشــەن لــە 11تمــوز 1909 لــە قەیســەری لــەدایکبووە کاتێـك خێزانەکـەیان گوازرانەتەوە بۆ ئەستانبۆڵ تەمەنی دوو ساڵان بووە. باوکی م. ساڵح بەدرخان ئەو کـات بەڕێوەبەری سجلات بووە لە قەیسەری (قیصری). لە ساڵی 1913 گوازراوەنەتـەوە بـۆ شام. باوکی بۆ ماوەیەکی زۆر بێکار بووە[7]. لە ساڵی 1915 باوکی دەستی بەکار کـرد ئەویش بوبە بەڕێوەبەری کرێکاران لە زیندانی شام، دوای ماوەیەك تووشی نەخۆشی بوو لە ڕێکەوتی 30ی تموزی 1915 باوکی ڕەوشەن بەدرخان کۆچی دوایی کرد. ڕەوشـەن خــان لــە قوتابخانــەی (الشــرقی) دەســتی بەخوێنــدن کــرد بــەزمانی تــورکی دوای گۆڕانکارییەکانی جیهان لەناوچەکە تورك ناچار لـە شـام چـوونە دەرەوە. بـە عـەرەبی‌و ئینگلیزی دەرسی خوێندوە. پەیمانگای مامۆستایانی تەواو کردووە. بووە بە مامۆستا لە ساڵی 1925 لە شاری (کرك) لە ئـوردن دامـەزراوە بـووە بـە مامۆسـتای زمـان ـ زمـانی تورکی، عەرەبی، ئینگلیزی، فەرەنسی، زانیوە.

---

7. ئەم بەڵگەنامانەی ڕەوشەن بەدرخان پاراستویەتی تیایدا هاتووە دەوڵەتی عوسمانلی مانگانەی بۆ بنەماڵەی بەدرخان بڕیبوّوە لەجیاتی ئەو (ملکەی) ئەوان دەستیان بەسەردا گرتبوو لەنەوە بۆ نەوە وەکو میرات سورەیە پابەندبوو بەدانی ئەم مانگانەیە بۆ ئەوانەی بۆلای ئەو دوور خرابوونەوە. بەڵام لەسەردەمی فەرمانڕەوایی ئەتاتورك بڕیاری ئـەوەیان دا مانگانە بەرماڵە تەنها بۆ ئەوانەی لەناو سنوری تورکیا دا دەژین بدات. بەڵام سورەیە بـەردەوام بـوو تا ساڵی 1929 ئەو کات مەرجەکانی بەرماڵە پێدانی گۆڕی بـەوەی کـە یـەکێك لـەو بنەماڵەیـە کاتێـك بمرێت بەرماڵەکـەی بـۆ دەوڵـەت دەبێت نـەك بـۆ نـەوەکان بـە مـیرات‌و بمێنێتـەوەو وەری گـرت واتـە (میراتگر) کامەران‌و جەلادەت مانگانەیەکی کەمیان وەردەگرت تا ئەو کاتەی کۆچی دواییان کرد.

لە سالّی1927، گەڕایەوە بۆ سوریا لە قوتابخانەیەك دەرسی عەرەبی دەگوتەوە، ڕەوشەن بەدرخان لە سالّی 1929 شووی کردووە، بەلاّم دوای 20 مانگ لە مێردەکەی جیا بۆتەوە کچێکی لێی بووە بەناوی (ئوسیما) ئەم کچەی لە (میسر) دەژی.

سالّی 1932بو بە ئەندامی یەکێتی ژنانی سوری لە سالّی 1935 شوو بە میر جەلادەت بەدرخانی ئامۆزای دەکات کوڕێکیان دەبێتو دەمرێت دواتر کچێکیان دەبێت بەناوی (سینەم) لە سالّی 1938. وە لەسالّی 1939 کوڕێکیان دەبێت بەناوی (جمشید) لە سالّی 1944 ئامادەی کۆنگرەی ژنانی جیهان دەبێت لە قاهیرە بە نوێنەری ژنانی سوری لە سالّی 1946 دەبێتە بەڕێوەبەری قوتابخانە.

لە سالّی 1947 دەبێتەوە بێژەر لەبەرنامەی منداڵان لە (ازاعەی سووری) سالّی 1951 جەلادەت بەدرخانی هاوسەری کۆچی دوایی دەکات کۆچی میر جەلادەت کاریگەری هەبووە لەسەر رەوشەن بۆیە ووتویەتی مێردم نەبو بەلّکو باوکێکی کراوەو مامۆستایەکی فێرکەربووە بۆیە هەردەم ئامۆژکاریەکانی بەبیر هاتۆتەوە کەچۆن مرۆڤێك بووە بۆ ئامۆژگاری کردنی ڕەوشەن.

لەسالّی1956ڕەوشەن خان لەگەلّ د. نوری دەرسیمیو حەسەن هشیارو حەیدەر محەمەد عوسمان ئەفەندی (جمعية المعرفة والتعاون الكردى) یان دامەزراند.

بەردەوام بووە لەسەر کاری مامۆستایەتی تا سالّی 1964 تقاعد بووە لەسالّی 1971 سەردانی کوردستانی باشووری کردووە بەشداری لە کۆنگرەی یەکێتی ژنانی کوردستاندا کردووە.

کاتێك لەسەر جێگاکەی لەسەرە مەرگ دابووە لە (بانیاس) سالّی 1992 گوتویەتی[8]. (کوڕم کاتێك ئێمە گەورە بووین، ئێوە بچووك بوون، ئیمڕۆ ئێوە گەورەن،

---

[8]. هەروەکو پێشتر سەردانی ڕەوشەن بەدرخانم کرد لە بانیاس بینیم لەسەر جێگاکەی لەسەرە مەرگدایە لەکاتژمێر 2ی شەو گیانی لەدەستدا. کەسێك لەوێ نەبوو جگە لە (ئەسیمەی) کچیو

بەڵام بەداخەوە ئێمە کۆتاییمان هات، کوڕەکەم یەکتریتان خۆش بووێت، پشتگیری‌و هاوکاری یەکتر بکەن. جیا مەبنەوە لە یەکتر، دەڵێم یەکێتی کوردم بدەیێ، کوردستانێکی سەربەستت دەدەمێ).

ڕەوشەن بەدرخان کەسایەتیەکی بەهێزو بە باوەڕ بووە خزمەتێکی زۆری بە ڕۆشنبیری کوردی‌و دۆزی کورد کردوە بۆیە هەر لەسەرە مەرگیش دا ئاواتی ڕزگاری‌و سەربەخۆیی کوردستان بووە.

لە گۆڤاری (هاوار) کاری کردوە وەکو وەرگێرو نووسەرو ڕۆژنامەنووس یەکەم ژنی کورد بووە ووتاری بە کوردی لە گۆڤاری هاوار بە ئەلفو بێی لاتینی بڵاوبکاتەوە. لە کۆنگرەی یەکەمی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو دەریای سپی ناوەڕاست لە ساڵی 1957 لە (ئەسینا) وەکو نوێنەری ژنانی کوردستان بەشدار بوو ئەم کۆنگرەیە بە مەبەستی دژایەتی کردنی داگیرکەران بەسترابوو.

لە ساڵی 1971 کرا بە ئەندامی (فەخری) کۆڕی زانیاری کوردی ـ لە عێراق کاری ئەوەیان پێ سپارد هەر شتێك تایبەت بە کورد لە بەڵگەنامەو نوسراوی چاپکراو دەست نووس کۆیان بکاتەوە ئەویش چوو بۆ ئەستانبوڵو ئەرکەکەی بەسەرکەوتویی ئەنجامدا.

ڕەوشەن بەدرخان لەبارەی کۆنگرەی ساڵی 1957ی ئەسینا دەڵێ توانیم (5) کارتی دەعوەتنامە لە ڕێگای ڕۆژنامە نووسانی لوبنانی بەدەست بێنم کە پەیوەندیەکی

---

خزمەتکارو گەنجێکی کورد. ئێمەش ئەوەی پێویست بوو جێ بەجێمان کرد. جنازەکەمان برد بۆ شام، بە یاوەری ئەم لاوەی لەوێ بوو (ابو هوزان)و لاوێکی تر لە مەراسیمی ناشتندا هاوڵاتیانی گەڕەکی کوردان وەهەندێ لە برادەرانو خۆشەویستانی بنەماڵەی بەدرخانیەکان. لە کوردو عەرەب بەشێوەیەکی ڕێكو پێك بە خاکمان سپارد، لەسەر داوای ئەسیمەی کچی هیچ کەسو لایەن وتارو شیعریان نەخوێندەوە، بۆ ڕاگرتنی ئارامی‌و وەزعی گشتی (دلاوەر زەنگی) وەرگێری پەرتوکەکەی مالمیسانژ.

باشــم هــەبوو لەگــەڵیان. بــەناوی دەعــوتی کوردســتان بــۆ بەشــداری. هەنــدێ لــە سیاسەتمەدارانی کوردستانی باشوور ئەو کات لـە شـام بـوون پـێم گـوتن کـە شـتێکی وا هەیە بەڕێوە, سەرەتا ئامادەیی خۆیـان نیشـان دا بڕیـار بـوو بـێن لەگـەڵم بـەڵام کاتێك دەعوەتنامەکان گەیشتن هەر کەسێك پاسـاوی شـتێکی هێنایـەوەو نـەهاتن لەگـەڵم، لـە کۆی هەموو دەعوەتنامەکان تەنها من مامەوە بچم، ئەو کـاتیش بـاری مـادیم زۆر خـراپ بوو بۆ مسروفاتی چوونو گەڕانەوەم یارمەتی مادیشیان نەدام، بـەڵام کرێکـارێکی کـورد جوامێرانە لە شام هەندێ پارەی داوەتیّو پێـی گووتـوە ئەمـە بەشـی مناڵەکانمـە بـەڵام خوازیـارم لـێم قبـولّ بکـەی. ڕەوشـەن بـەدرخان لـەبارەی ئـەم هەڵوێسـتەی کرێکـارە کوردەکە گووتویەتی ئەم هەڵوێستە زۆر کاری لێ کردوومو پارەکـەم وەرگـرت, بـەڵام تـا مردن ئـەوە لـەبیر ناکـەم. ڕۆژانـی کـۆنگرە کورسـیەکان بـە بـەتاڵی ماوەتـەوە وتـارێکی خوێندۆتەوە وا دیارە وتارەکەی زۆر کاریگەر بووە بۆیە نوێنەرانی عەرەبی پێی دڵتـەنگ بوونە، بەزمانی فەڕەنسی وتارەکەی دابەشی سـەر ئەنـدامانی بەشـدار بـووی کۆنگرەکـە کردووە[9].

دڵـە گەورەکـەی ڕەوشــەن بــەدرخان لــە 1992/6/1 لــە لێـدان کـەوت بـۆ یەکجارەکی ماڵئاوایی لەگەڵی کورد کرد لە (بانیاس) لەنێو ماڵەکەی خۆیدا. دواتر لە شام لە گۆڕستانی شێخ مەولانا خالد نەقشبەندی لەپاڵ گۆڕی میر جەلادەت نێژراوە.

---

[9]. لەسەر دەمی ژیانیدا ڕەوشەن خان هەوڵی داوە بۆ گـۆڕی مـیر بـەدرخانو مـیر جـەلادەت چاك بکاتـەوە، کـە لەگۆڕسـتانی شـێخ خالـد نەقشـبەندی نێـژراون. بـەڵام لەلایـەن ئاسایشـی سـووری کرێکارەکانیان گرتبوو بە بیانووی ئەوەی دەیانەوێ. ئەم گۆڕانە بگوازنەوە بۆ جێگای بابو باپیرانیان لە کوردستان، بەڵام دوایی کۆچی ڕەوشەن بەدرخان بە یارمەتی هەندێ لایـەنی ڕەسمـی کـوردی نـونرا گۆڕەکان چاك بکرێنەوە–لە پەرتوکەکەی مالمیسانژدا لە سەر بەدرخانیـەکان لـە جـەزیرەی بۆتـان لـە نوسخە عەرەبیەکەی دلاوەر زەنگیدا کە وەری گێراوە بۆ سەر زمانی عەرەبی داهاتووە.

ڕەوشەن خان ژنێکی بەتواناو کارامەو لێهاتوو بووە لەبواری بزووتنەوەی ژنانی کوردو خزمەتی وشەی کوردیو مێژووی گەلەکەی. وە جێگەیەکی تایبەتی لەنێو مێژووی بنەماڵەکەیان و مێژووی کوردا گرتووە، چالاکو کارامە بووە لە هەر کارێك کە پێی سپێردراوە بە ئەمانەتەوە ئەنجامی داوە.

چەندین بەرهەمی بەچاپ گەیاندوە چ لەبواری وەرگێڕان وە چ لەبواری چاپ کردن:

1. مذكرات امراة ـ دمشق ج1 ، 1951.
2. مذكرات معلمة.
3. محمد حسن شنوى ـ الرد على الكوسمو بوليتيە ـ ناوی خۆی لەسەر نەنویسوە.
4. مكرم كامل ـ غرامی والامی ـ دمشق – 1953.
5. ترجمة رسالة التی كتبها جلادت عالی بدرخان – نامەیەك بۆ کەمال مستەفا پاشا سەرۆکی تورکیا ـ روشن بدرخان ـ ترجمة ـ 1990.
6. صالح بدرخان مذكراتی ترجمة الی العربية ـ روشن بدرخان طبع دلاور زنگی ـ 1991.
7. لە ساڵی 1954 چەند شیعرێکی شاعیری کورد گۆرانی وەرگێراوە.

جگە لەم پەرتوکانە چەند پەرتوکێکی تریشی لە تورکی وەرگێراونەتە سەر زمانی عەرەبی بەڵام تا ئێستا چاپ نەکراوە.

8. مذكرات امراة ج2.
9. یادی ئەمیر جەلادەت بەدرخان لە ساڵی 1953 لە دمشق بە عەرەبی چاپکردووە.

دەرووی حەوتەم:

# لەیلا بەدرخان

1986-1908



لەیلا کچی عبدالرزاق بەدرخانو دایکیشی ناوی هنریت بـەدرخان بۆلـۆنی بـووە دایکی لەیلا سەماکەرێکی بەناو بانگو ناسراو بوو. لەیلا دراسـەی بالیـەی خوێنـدبوو لـە ئەڵمانیا– سەمای کوردی لەسەر شانۆ پێشکەش دەکرد کچێکی هەیـە بـەناوی نـیلین لـە وڵاتـانی وەکـو فەرەنسـاو بلجیکـاو هولنـداو ئسـپانیاو ئـەمریکاو سـوید سـەمای بالیـەی پێشکەش کردووە نازناوی شاژنی (بلقیس)ی وەرگرتووە لە ڤیستڤاڵی سـالزبورگ چـەند سـەمایەکی پێشـکەش کردبـوو بـەناوی (سـەمای دروز) (بصـمة الـبرس) الهیروغلافیـە ساڵانێکی زۆر بەردەوام بووە لەسەر کاری سەما کـردن، گۆڤـارو ڕۆژنامـە فەرەنسـیەکان لێکۆڵینەوەیان زۆر لەسەر شێوازی سەماکانی کردووە ڕۆژنامەکانی وەکو (لیبرتبەو غایـد موزیکالو لوفیگارو- لاسماین بارەس لیە دیانس.

لە ڕاگەیاندنی نایلۆ هەڵواسراوەکان بە ئەمیرەی کوردی ناویان دەبرد لە سـاڵی 1986 لە باریس کۆچی دوایی کردووە.

دەرووی هەشتەم :

# ڕۆژنامەی کوردستان


کردستان

ڕۆژنامەی کوردستان[10]. لە 22ی ئەبریلی 1898 تا (4)ی ئەبریل 1902 چاپو بڵاوکرایەوە. ئەو سەردەمەی ڕۆژنامەی کوردستانی تێدا دەرچوو بە قۆناغی سەرکوتکردن ناو دەبرێتو لە هەمان کاتیشدا بۆ مێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردی بە قۆناغی ڕێنسانسی کوردی دەناسرێت.

لەو کاتەدا سەرجەم سەرهەڵدانو شۆڕشەکانی کورد لە باکوری کوردستاندا بە دڕندانەترین شێوە سەرکوت دەکرا، ئاشکرایە ئیمپراتۆریەتی عوسمانلی لەدروستبوونیەوە تا ئەو ڕۆژەی خرایە گۆڕی مێژووەوە بە ئیمپراتۆریەتێکی دڕندەو بەر پەریو دواکەوتوو ناسراوە، بگرە ئەو توندو تیژیو بەربەریەتە بۆتە کلتورێکی دیاری تورك کە تا ئەمڕۆش پێی ناسراون.

---

[10]. لە یادی 106 ساڵەی ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی لە گۆڤاری پێشهات ژ 6 حوزەیرانی 2004 وتارێکم بڵاوکردەوە بە کوردی. بەڵام من لێرەدا بەپێی تواناو ئەو زانیاریانەی زیاتر بەدەستم کەوتوون بەدرێژیو تێرو تەسەل تر باسم لە ڕۆژنامەی کوردستان کردووە.

لە ساڵی 1896 میرانی کورد دەست دەکەن بە هاندانی خەڵك بۆ خۆ ڕێکخستن‌و کاری نهێنی تا لە خراپەکاری عوسمانیەکان بەدووربن، چونکە ئەو کات حکومەت زۆربەی میرە کوردەکانی بردبووە ئەستانبۆل لە ساڵی 1897[11]. میر مەدحەت بەدرخان ڕادەکات‌و ڕوو دەکاتە وڵاتی



میسرو لە پێناو بەرژەوندییەکانی گەلی کوردو ناساندنی دۆزی گەلەکەی بەدونیاو بە مەبەستی بەرگری کردن لە کوردو ڕووبەڕوبونەوەی سوڵتانی عوسمانی، هۆشیارکردنەوەی ڕۆلەکانی گەلی کورد، لە قاهیرە درێژە بە خەبات دەدات.

بۆیە میر مەدحت بیری لەوە کردەوە ڕۆژنامەیەك دەربکات. ئەویش ئەوەبوو کە لە 22ی ئەبریلی 1898 یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستانی دەرکرد. ئەم ڕۆژنامەیە بووە سەرقافلەی مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی.

مەدحەت بێ ئومێد بووە لەوەی کە بتوانێ لە ڕێگەی شۆڕش بگەن بە ئامانجی سەربەخۆیی‌و ڕزگاری یەکجارەکی. لەبەر زوڵم‌و زۆری دەوڵەتی عوسمانلی ئەوەندە دڕندەو نامرۆڤانە بوونە دەرهەق بەنەتەوەی کورد ڕوحمی پێ نەکردوون، بواری ئەوەی

---

[11]. بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی میر مەدحەت بەدرخان لەزۆر کارو چالاکی لەگەڵ ئەمین عالی بەدرخان بەشدار بووە، دامەزراندنی (کۆمەڵەی زانین‌و بلاوکردنەوەی کوردی) دەرکردنی ڕۆژنامەی کوردستان. بۆماوەیەك کراوەیە بەڕێوەبەری ئیدارەی هەرێمی دەرسیم*، دوای کوشتنی ڕەزوان شا دوور خراوەتەوە بۆ مەکە*. بەشدار بوون لە هەڵگیرساندنی ئەو ڕاپەڕینەی لە 1889 لەگەڵ ئەمین عالی بەدرخان لەنێوان تەرابزۆن‌و ئەرزرۆم هەڵگیرسا بەڵام دواتر شکستی هێنا. *. نوری دەرسیمی دەڵێ لەوە بەدواوە زانیاری زیاتر لەبارەی میر مەدحەت بەگەوە لامان نییە.

بێ نەداون لەهیچ لایەنێك لەلایەنەکان لە ئیدارەی دەوڵەت ڕۆڵی کاریگەرو بەرچاوی خۆیان بگێڕن یا شوێنی وای پێ ڕەوا نەبینیون تا لەوێوە خزمەت بە گەل و نیشتمان بکەن. لەسەر ووتاری یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان مەدحەت بەدرخان مەبەست لە دەرکردنی ئەم ڕۆژنامەیەی لە وتارێکدا





نووسیوەو ڕوونیکردۆتەوە بەم شێوەیە (بەداخەوە کورد کە لەزۆر نەتەوە زیاتر خاوەنی بیرو هۆشن، جوامێرن، لە ئاینی خۆیاندا ڕەواو بەهێزن، بەڵام وەکو نەتەوەکانی دیکە خوێندەوارو دەوڵەمەندنین، نازانن دراوسێکانیان چۆنن‌و چی ئەکەن‌و ئاگایان لێ نییە، بۆیە پشت بەخوا ئەم ڕۆژنامەیەمان نووسیو بە پشتیوانی خوای گەورە لەمەودوا هەر پانزە ڕۆژ جارێك بڵاوی دەکەمەوە. ناوی ڕۆژنامەکەشمان ناوە کوردستان‌و لەم ڕۆژنامەیەدا سودەکانی زانست‌و زانیاری باس دەکەم، لەچ جێگایەك لە مرۆڤ دەبێت، لە چ جێگایەك خوێندنگای باشی هەیە پیشانی کوردی دەدەم، لەچ جێگایەك شەڕ بێت هەڵوێستی وڵاتانی گەورە چی دەبێ‌و چۆن شەڕ دەکەن، چۆن بازرگانی دەکرێت، هەموویان باسی دەکەم تا ئێستا هیچ کەسێك ڕۆژنامەیەکی وەك ئەمەی بڵاو نەکردۆتەوە) لەکاتی دەرکردنی ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەکەدا مەدحەت بەگ کارتێکی نووسیوە بە فەرەنسی، ئامانج‌و مەبەستەکانی خۆی تیایدا




ڕوون کردۆتەوە لەگەڵ ژمارەی یەکەمدا بۆ ئەو کەسانەی ناردووە کە ڕۆژنامەکەی بۆ ناردوون: (( گەورەم زۆر بەختیارم بەوەی کە ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی کوردستانتان بۆ دەنێرم، ئەوەی هەر ئێستا لە قاهیرە دامەزراندوە. ((نەتەوەی من، کە نەتەوەی کوردە، ژمارەیان 6 ملیۆن کەسە لە ئاسیایی بچووکدا، زمانیان گەلێك کۆنە، ئەمە یەکەمین جارە کە بەم زمانە ئەو ڕۆژنامەیەم بڵاوکردۆتەوە، بۆ مەبەستی تێگەیاندنی زانیاریو گیانی خۆشەویستی لەناو ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمداو هاندانی کوردەکان بۆ ئەوەی ڕێگەی پێشکەوتنو شارستانێتی نوێ بگرن، لەهەمان کاتیشدا ئەدەبی نەتەوەی خۆیانیان پێ نیشان بدەین)). " باوکم میر بەدرخان، لەجەنگی سەربەخۆیی کوردستان دابەشدار بوو، دژی حکومەتی عەبدولحەمید، ئەو کەسەی کەژیانی لە بنەماڵەی ئێمە قەدەغەکرد لە نیشتمانی خۆماندا. لەبەر ئەمە ڕوومکردە قاهیرە، وە لەبەر ئەوەی دەمەوێ نیزامو ئاسایش پاڵ بەسەر کوردستاندا بکێشێت،



بڕیارم دا لە ڕێگەی ئەم ڕۆژنامەیەوە هەموو توانای خۆم لە دوورەوە تەرخان بکەم بۆهەموو کارێك کە قازانجو بەختیاریو پەروەردەکردنی بیری تێدابێت بۆ هاوڵاتیانی کورد.

بۆیە میر مەدحەت بیری لە دەرکردنی ئەم ڕۆژنامەیە کردەوە کە ئەمەش بەڕێگا چارەیەك دەزانیٚ بۆ نەتەوەکەی تا لاوانی کورد لەڕێگەی ئەم ڕۆژنامەیەوە. هۆشیارو چاوکراوە بن لەلایەنەکانی ڕۆشنبیریو زانستو بازرگانی. بە کورتی مەبەستی بۆ فێرکردنو پەروەردەو هۆشیاری بوو.

KURDISTAN
GENÈVE

# کردستان

١٣١٥

KURDISTAN

---

عدد ٥ —— سالا ئوٌلی —— روپه ١

عنوان

دەمردە (کردستان) غزتەی صاحب ومحرری بدرخان پاشا زادە

﴿ مقداد مدحت ﴾

هر طبعەدە ۲۰۰۰ نسخه کردستان ولات مطالعه اوسال و وساطتلریله فرا وقصبانه نشر وتعمیم اولنەجقدر

کردستان خارجنده هر بر ایچون سنه‌لك ابونه بدلی

۸۰ غروشدر

کردستان داخلنده خصوصی استیانلره مجاناً کوندریلور

# کردستان

١٣١٥

﴿ یازده روژادە جارکی تیت نفیساندن جریدەیا کردی‌یه ﴾

کردلری تحصیل علوم وفنونه تشویق ایدر نصائح وادبیات کردیه‌یی حاوی

﴿ اون بش کونده بر نشر اولنور کردجه غزتەدر ﴾

غزتەنك مسلکنه موافق عربجه ترکجه فارسیجه مکتوبلر کردجه‌یه بالترجمه نشر اولنور

ئەڤچی فی کاغذکی ریکه ژمنره دڤی سرکاغذی وها بنیسه:

بمصر نجل المرحوم بدرخان پاشا مقداد مدحت بك

هر جاو دو هزار جریدەیا ازی ریکم کردستانی دە بلاش بدن خلکی

روژا پنجشمیدە ۲۷ محرم الحرام سنه ۱۳۱٦ پنجشنبه فی ٤ حزیران سنه ۱۳۱٤

﴿ شوکتلو عظمتلو سلطان عبدالحمید خان ثانی حضرتلرینه ﴾

﴿ عرضحال عبیدانه مدر ﴾ (نومرو ۲)

پادشاهم! دولت ابدمدت عثمانیەلرینی تشکیل ایدن اقوامدن منسوبی اولدیغم کرد قومنك خلقةً ومیفقاً حائز اولدقلری اهمیتدن دولایی شایان تعلیم واصلاح اولدقلرندن کردستانجه التزام بیورلان اصلاحات وترقیات جملەسندن اولمق و (کلکم راع ۰۰۰۰ الخ) امر نبویسیله حصهٔ عبیدانه مه دوشن وظیفەیی ایفا ایتمك اوزره قوللری دخی سایهٔ معارفوایهٔ شاهانەلرنده شو کردجه غزتەیی نشر واحداث ایتدم.

غزتەمك خلاف مأمول ممالك محروسهٔ شاهانەلرینه منع دخولی باب عالی طرفندن تعمیماً ولایاته تبلیغ اولندیغندن شو ممنوعیتك رفعی خصوصنك باب عالی یه ارادەوفرمان بیورلمسی درت نومرولو وفی ۲۱ مایس سنه ۱۳۱٤ تاریخلو غزتەمدەکی عریضه ایله عتبهٔ علیای شاهانەلرندن عرض واسترحام اولنمشدی. بنەخلاف مأمول ممنوعیت مذکورە رفع ایدلمامش وحتی اللرنده غزتەم کورلانلر توقیف ایدلمکدە اولدیغی کبی شو کردستان غزتەسنك نشری رضای شاهانەلرینه مخالف اولدیغندن همان ترکیله در سعادته عودتم وبو بابده کی ارادهٔ سنیه‌لرینه اطاعت ایتمدیکم حالده چکمش مأمورینلرمه متعلق برسوء معامله تصنیع واسناد ومحکمهٔ عائده سندن استحصال اولنەجق اعلامله حکومت مصریه دن طلب اولنەجغم وحکومت مشارالیهانك دخی بوکا موافقتله چاکرلرینی جبراً تسلیم ایدەجکی اولدیغجه شایان اعتماد اولمسی لازم کلان ومعیت جلیلهٔ خدیویه ارکانندن اولوب عند الایجاب ارائه ایدەجکم واسطهٔ معلومه ایله چاکرلرینه تبلیغ اولندی.

پادشاهم! شو کردجه غزتەنك مسلکی بتون ارباب معارف ومدنیتك مسلمی اولوب شو حالده ذات همایونلرینه قارشو بو بابده اسباب ودلائل سردیله تطویل مقاله حاجت یوغیسه‌دە ممنوعیت مروضەنك عدم رفعی وبنیرحق حبس وتوقیف اشخاصله تهدیدات واقعه حقنده مساعدهٔ سنیه‌لریله بعض استرحامانده بولنەجغم. شوبله که:


١٠ پر ٣ ﴿ کردستان ﴾

کرد بعلمی معرفت وصنعتا وي گلك ژ ملتا اسلامی بین
دولتزي وي لپشتا وان بێن وي هنگی کس نکاره خوه
بده سر وان وي هنگی وي بکارین وطن خوه تربین
اجدادێن خوه ژ بن صمین اسپین دوستوف خلاص بکن

دوسه ساله کرد وارمني تیکل هڤ ینه اڤ حال ها
نه فنجه دولت ژ ڤی حالی نه راضي به پاش ئهو ازي
ڤی بحثزي بنڤیسم

دو دولێن فرنگا ناڤ یکي امریقا به ناڤ یکي اسپانیایه
دست شري کرنه ئهو شر وان سر بحري یه هردو گل ژي
خورتن • انشاء الله ازي ڤی ژي بنڤیسم

هن خالدي هنه لقدسا شریفێ یك ژوان خوی فضل
وکرم شیخ یوسف ضیاء الدین پاشایه خدی عمر وی دریژ
وعلم وی زیده بکه • بری شش سالا کتیبك چیکربه اڤ
ڤی کتیبی ( الهدیة الحمیدیة في اللغة الکردیة ) یه اڤ
کتیب ولك عربي ی بحثا قواعدین عزمان کرمانجی دکه
لغاتین کرمانجی حمی گهاندنه هڤ ڤی کتیبیده نڤیسیه
مالاوی آغا اسامك ژ عزمان کرمانجاره داني • از هیڤي
دکم کو علما ومیر وپاشایێن کردا ژ ڤی کتیبی پیدا بکن
گلك کتیبك فنجه علمایێن کردا لازمه کو آوژي ژ
عزمانێن خوه ره تشتکی بنڤیسن

ئالك ژ سورا هی سالا دي وفات کر رحمتا خدی
لیه خدی گنهێن وی بغفرینه ناڤ وی حاجي عبد القادر
بي اڤ مروف صاحبا خوه‌ده گلك خبتي درحقا علماندنا
علم ومعرفتیره گلك بیت واشعارین کرمانجی دنڤیسي
وبدکر ولاتێ خوه سورا عزمان وی عزمانێ سورایه لوما
کرد حمی ڤي عزماني نظانن • پشا کتیبا م وزینیده بخط
دست خوه هن بیت نڤیسینه تبرکا من او اساك ڤي

جریده‌بده بنڤیسین وکي بدقت بي خوندن معنا وان خوش
قیت فهم کرن
زمانه رسم جاراني نماوه چراغ ناظم ومنشي کژاوه
له دور ایه رومان وجریده اگر چه مقصده زانین باوه
امان قدری بزانه ام کتیبه له دنیا استه کي همتاي نماوه
له ایام حیات شیخ خاني له سر نسخه خط او نوسراوه
له‌لای ارباب خوی وقدر وقیمت خزینه گوهره وکیسه دراوه
له مجموع دول سودان وبوتان له سایه ام کتیبه ناسراوه
له کردان غیر حاجي وشیخ خاني
اساس نظم کردی دانناوه

تقریظ

ژنامی هاتیه

اڤ جریده‌یا میرمه دلرمحستي هات نامی من یك
پیدا کر چقا کردی بزیك هنێن من جناندن وکي اڤ جریده
دبتن ڤي وي کردستانه خوي وی میرمه‌یه حمیا عوثلي ماچ کرن
داڤین سر سر خوه گلك شایین پاشی من ژوانره خوند وقادلی وان
خوش بو حچکو ته دلي دایه وان اڤ نصیحت وخبرین ته نڤیسین
فنج کتان گه وان زانین اڤ تشتك فنجه لناڤ خوه‌ده خبر
دان پاش ئهو حچي بي مظن وی خوه ژ حالي خلاص بکن
بعلمی هوستایي بعلمی چکین او ناڤ خوه‌ده در آقا بدن هڤ
زاروکي خوه بدن مکتبا ریکن بازاری صنعت وهنرا • از سر
کردي‌مه گلك دفهم خدي دو تشتي فنجره ام خلقاندن یك
شجاعته یا دیژي مظاونه خوي وان هر دو تشتین فنج
جره هوی کیم ماله جره بردستي خلکیده مانه اڤ قباحتامه‌به
چکو ام مانه بي معرفت وصنعت • تو ڤي زحمت ومصرفي سر
خوه گرد دکشیني ته اڤ جریده ژمه‌ره دریخستي به خدي ژته
راضي بت تو گلك آیت وحدیثین راست دبین فنج نیشا مه
دکي زحمت لیاب ته بت خدي دوناته مظن بکت او

رۆژنامـەی کوردسـتان پـەیامێکی پـیرۆزو مـژدە بەخشـی بـوو بـۆ کـورد بەتایبـەتی لەوسەردەمەی ڕۆژنامەکەی لێ دەرچوو.

ڕۆژنامەی کوردستانپشتی بە پشتیوانیو یارمەتی لاوانـی خوێنـدەواری کـورد بەسـتبوو، بەتایبەت ئەوکات ئەو ئازادیخوازانەی لـە حکومـەتی عوسمـانلی یـاخی بوبـون لـە میسـر گیرسـابوونەوە. لەسـەردەمی دەرچـوونی ڕۆژنامەکـە چـاودێریەکی (تونـد) لەلایـەن حکومەتی عوسمانلی لەسەر ڕۆژنامەکان دانرابوو (کوردستان) یەکێك لە ڕۆژنامە قەدەغە کراوەکـان بـوو، بـەنهێنی دەگەیشـتە کوردسـتانی بـاکوور ئـەویش لەڕێگـەی بازرگانـانو ڕێکخراوە نهێنیەکانو لەڕێگای سنووری سوریاو پەیوەندی شەخسی دەگەیشـتەوە وڵات حکومەتی عوسمانلی دەیویست مقداد مەدحەت بەدرخانو عەبدولرەحمان بـەگیبرای لـە ئەستانبۆل وەکـو دوو تاوانبـار دادگـایی بکـات. بۆیـەش ئـەم دووزاتـە مەترسـی زۆریـان لەسەر بوو.

دوای ساڵێك لەدەرچوونی ڕۆژنامەکە مەدحەت بەگ نەخۆش دەکەوێت‌و عەبدولڕەحمانی برای دەچێتە سویسراو سەرپەرشتی دەرکردنی ڕۆژنامەکە دەکات. ئەم ڕۆژنامەیە دەبێتە گەورەترین دوژمنی عوسمانلیەکان، هەر بۆیەش بە هەموو شێوەیەك کەوتە دژایەتی کردنی‌و بەدرخانیەکانیش بۆ بەرگری لە خۆیان‌و ڕۆژنامەکەیان ئەو ڕۆژنامەیان زیاتر لە کات‌و شوێنی جیا جیا چاپ‌و بڵاوکردۆتەوە. هەر لەبەر دژایەتی کردنی ئەم ڕۆژنامەیە حکومەتی عوسمانلی زۆر جار داوای لە حکومەتی میسر کردووە دایخەن سەرەتا بڕیار وابوو ئەم ڕۆژنامەیە دوو هەفتە جارێك دەربچێ بەڵام لەبەر چاودێری توندی پیاوانی سوڵتان‌و جاسوسەکانیان دەرفەت نەڕەخساوە لەکات‌و ساتی خۆی دا بڵاوبکرێتەوە. هەر بۆیەش جێ گۆرکێ بە شوێنی دەرکردنی ڕۆژنامەکە کراوە بۆیە بەپێی پێویست نە توانراوە لە کاتی دیاری کراوی خۆی دەربچێت زۆر جاریش نامەی کراوە ئاراستەی سوڵتان عەبدولحەمید کراوە کەچۆن لەلایەن کاربەدەستانی ئەو دژایەتی‌و بەر بەرەکانێتی ئەم ڕۆژنامەیە دەکرێ‌و نەوەی بەدرخانیەکان ئازار دەدەن.

ئەم هۆیانەو نەبوونی یارمەتی دارایی بونە هۆی وەستانی ڕۆژنامەی کوردستان، سوڵتان عەبدولحەمید ئەوەندە دژی ئازادی ڕۆژنامەو ڕادەربڕین بووە گوتویەتی گەر خاوەنی کارگەی کاغەزو مەرەکەب بام دەمسوتاند. ئەوەندە داخ لەدڵ بووە بەرامبەر دەرچوونی ڕۆژنامەی نەتەوەی بەزمانی کوردی ڕۆژنامەی کوردستان یەکەم ڕۆژنامەی کوردیە کە بەیتەکانی داستانی مەم‌و زینی ئەحمەدی خانی تیا بڵاوکراوەتەوە لەژمارە دووەوە بابەتی ئەدەبی شوێنی تایبەت و دیاری هەبووە لەم ڕۆژنامەیە. جۆرەها بابەتی تری تیا بڵاوکراوەنەوە وەکو داستانەکەی مەم‌و زین‌و شیعرو پەخشان‌و وتارو هەواڵ تیادا بەدی دەکرێت ( جگە لەم بابەتانەش ڕۆژنامەکە بایەخی زۆری دەدایە کێشەی ڕەوای گەلی کورد لاوەکانیان هان دەدا دژی دەسەڵاتی عوسمانلی بوەستنەوە) ڕۆژنامەی کوردستان بە سەرەتایەکی پرشنگدارو بەهادار دادەنرێت لە کاروانی ڕۆژنامەنووسی کوردی، گرنگیەکی باشی بەر چاوی بەم بابەتانە داوە (شیعری عەرەبی‌و فارسی‌و لێکۆڵینەوەیان

لەسەر دەکردو بڵاویان دەکردەوە ئایەت و فەرموودەی پێغەمبەریان دروودی خوای لەسەر بێت بڵاو دەکردەوە هەر لەڕێگەی ژمارە (3) وە ساڵی مردنی حاجی قادری کۆیی ساغ بۆتەوەو زانراوە کە شیعرێکی حاجی تیا بڵاوکراوەنەوە پێشەکیەکی بۆ نوسراوە ئەم شیعرە لە پێشەکیەکەی داهاتووە ساڵی پار حاجی قادری کۆیی کۆچی دوایی کردووە واتە ساڵی 1898 ژمارە 3 ی لێ دەرچووە ساڵی پاریش دەکاتە 1897 بەوەوە زانراوە ساڵی کۆچی حاجی. گۆڕەکەی حاجی قادر لە ئەستانبوڵ ـ ئەسکورجە ـ گۆڕستانی قەراجا ئەحمەدە).

لە ڕۆژنامەی کوردستانەوە شەڕی ئەرمەنیەکان مەحکومو ڕەتکراوەتەوە، بانگەوازی برایەتی نێوان کوردو ئەرمەن ڕاگەیەنراوە شەڕی دژی ئەرمەنیەکان ڕەت کرد بۆوە، هەڵوێستی جوامێرانە ڕاگەیەنراوە دەرهەق بە شەڕی ئەرمەنیەکان.

بەر لە ئێستا ئاماژەمان بەوە کرد کە هۆکاری دژوارو مەترسیدار بوونە هۆی ئەوەی ڕۆژنامەی کوردستان لەکاتو ساتی خۆی بڵاو نەکرێتەوەو لەزۆر شوێنی جیا جیا چاپو بڵاوکراوەنەوە بەم شێوەیە بووە:

ژمارە 1- 3 لە چاپخانەی هیلال لە قاهیرە لەلایەن مقداد مەدحەت بەگ چاپو بڵاوکراوەتەوە.

ژمارە 4- 5 لە چاپخانەی جریدەت کردستان لە قاهیرە لەلایەن مقداد مەدحەت بەگ چاپو بڵاوکراوەتەوە.

ژمارە6-19 لە جنێڤ_(لە جەمعیەت اتفاق و موسلمانا)چاپ کراوە لە لایەن عەبدەلرەحمان بەگ.

ژمارە 20- 23 دووبارە لە قاهیرە لە لایەن عبدالرحمن بەگ چاپو بڵاوکراوەتەوە، تەنها ژمارەی 23 دیاری کراوە لەچاپخانەی هیندیە چاپ کراوە.

ژمارە 24 لە لەندەن چاپ کراوە عەبدولرەحمان بەگ

ژمارە 25– 30 لە فۆلکستۆن لە خوارووی لەندەن چاپو بڵاوکراوەتەوە ژمارە 31 لە ژنێف چاپو بڵاوکرانەوە (عەبدولرەحمان بەگ).

جێی ئاماژە بۆ کردنە لەماوەی چوار ساڵدا تەنیا 31 ژمارە لەم ڕۆژنامەیە دەرچووە، ژمارە 31 دوا ژمارەی بووە کە ساڵی 1902 دەرچووە.

کاتێ سوڵتان عەبدلحەمید زۆرینەی لە ئەندامانی بنەماڵەی بەدرخانیەکان زیندانی دەکاتو کەسێك نامێنێ ئەرکی بەڕێوەبردنی ئەم ڕۆژنامەیە بگرێتە ئەستۆ، ئەو مەشخەڵە گەشو پڕشنگدارەی خەباتی هۆشیاریو ڕۆشنبیری کوردی بە بەندکردنی بنەماڵەی بەدرخانیەکانو هۆکارەکانی تری پێشوو کە باسمان لێوە کردووە دەنگی ئەم ڕۆژنامەیە کپ دەکرێو دوایی بە تەمەنی ڕۆژنامەی کوردستان دەهێنرێ.

ژمارە (3) ی ڕۆژنامەکە بۆ یەکەمین جار بەدیالێکتی کرمانجی نوسراوەو بە چاپ گەیەنراوە، بەڵام لە ژمارە (4) ەوە بە کوردی دیالێکتی کرمانجیو تورکیش نوسراوەو بڵاوکراوەتەوە.

هەروەها میرانی بەدرخان کەسانێکی ڕۆشنبیرو زانابوون جگە لەزمانی کوردی چەندین زمانی تریان زانیوەو شارەزاییەکی باشیان لە زمانەکانی فەرەنسیو فارسیو عەرەبیو تورکی داهەبووە.

دەتوانین ڕۆژنامەی کوردستان بەسەر سێ خولدا دابەش بکەین:

خولی یەکەم: لە 1898– 1902 بە تێکڕای ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستان (31) ژمارەی (4) لاپەڕەی بوون وە قەوارەکەشی بەم شێوەیە بوو 25.50 × 32.50 سم سەرپەرشتیاری ئەم خولە لە ژمارە 1–5 میقداد بەدرخان بوو دواتر لە ژمارە 6–31 عەبدولرەحمان بەگی برای بوە سەرپەرشتیاری ڕۆژنامەکە.

خولی دووەم: لە ساڵی 1908 لەلایەن سورەیا بەدرخانەوە چاپو بڵاوکرایەوە تا ساڵی 1909 بەڵام دواتر لاوە تورکەکان کودەتایەکیان کرد مەحمود شەوکەت پاشا ئەستەمبولی داگیرکردو خەڵکێکی زۆری گرتو خستیە زیندانەوە. سورەیا بەدرخانیش

بەر ئەم گرتنە کەوتو ڕۆژنامەکە داخرا. وەکو پێشوو تا ئێستا هیچ ژمارەیەك خولی دووەم دیار نییە. ئەم زانیاریە لە ژمارەی یەکەمی خولی سێیەمدا بڵاوکراوەتەوە.

خولی سێیەم: لە ساڵی 1917 لەلایەن سورەیا بەدرخان لە قاهیرە- جارێکی تر چاپو بڵاوکراتەوە، لە ژمارەی یەکەمیدا باسی هۆی دەرکردنی ڕۆژنامەی کوردستان دەکات کە چۆن دەسەڵاتدارانی عوسمانلی وولاتیان خاپوورو وێران کرد.

ساڵی 1968 بە پێنشیاری پرۆفیسۆر مارفی خەزنەدار ڕۆژی 22ی ئەبریل کرا بە ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردیو لەو کاتەوەش هەموو ساڵێك لەم ڕۆژەدا یادی ئەم ڕۆژە دەکرێتەوە.

دەبێ ئەوەش بڵێین چەند دڵسۆزێکی دیکەی گەلەکەمان هەوڵی دۆزینەوەو کۆکردنەوەی ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیەیان داوەو خەریکی ئەم کارەن بەڕێز کەمال فؤاد لە ساڵانی حەفتادا لە ئەلمانیا چەند ژمارەیەکی ئەم ڕۆژنامەیەی دۆزیەوەو بڵاوی کردەوە.

لە ساڵی 1998 نووسەرێکی کوردستانی باکوور بەناوی (مالمیسانژ) لە یەکێك لەپەرتوکخانە تایبەتیەکانی شاری ئەستانبوڵ دوو ژمارەی ئەو ڕۆژنامەیەی دۆزیەوەو بڵاوی کردەوە.

سەرجەم ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستان لە پەرتوکخانەی مار بۆرگ هەن جگە لەژمارەکانی (10- 12- 17- 18- 19).

بێگومان هەر چەند لەبارەی بنەماڵەی بەدرخانیەکان بگوترێو بنووسرێتو هەر چیەکیان بۆ بکرێت هێشتا کەمە، خزمەتێکی بێ وێنەی گەلەکەی خۆیان کردووە لەسەر هەڵوێستی نیشتمان پەروەرانەو کوردانەی خۆیان گیرۆدەی ڕاوەدونانو دەربەدەری هاتوون بەدڕاندانەترین شێوە دژایەتی کراون لەلایەن داگیرکەرانی کوردستان چەوسانەتەوە هەموو ژیانیان لەپێناو خزمەتی وشەی کوردی بەخت کردووە لەو ڕێگایەوە خزمەتی دۆزی ڕەوای گەلەکەیان کردووە.

# ئەلبوومی وێنەکان



ڕۆشەن بەدرخان سالی 1971 لەکوردستانی باشوور

کۆنگرەی یەکیەتی ئافرەتان



النظام الاساسي والداخلي
للجمعية الخيرية لمعاونة فقراء الاكراد
بالجزيرة

[illegible]


١٣٥٠ – ١٩٣٢

پڕۆگرامی ناوەخۆی کۆمەلەی هاریکاری هەژارانی کورد

جەلادەت بەدرخان دایمەزراندووە



سورەیا بەدرخان و مندالەکانی حەقی وقودرەت



سورەیا و منداله کانی




جەلادەت بەدرخان



جەلادەت بەدرخان ,رۆکان هاشمی ,


رۆشەن بەدرخان ,قودرەت







میر جەلادەت




رۆشەن بەدرخان و شا حوسێن ی ئوردن




محەمەدسالح بەدرخان لەزیندانی قەلاای رودوس



لە چەپەوە ممدوع سلیم بگ - جەلادەت بدرخان



کامران عالی بدرخان دانیشتوو لە ناوەڕاست وە کوری جەمیل پاشا اکرم جمیل پاشا دانیشتوو لە ڕاست نورالدین زازا



جەلادەت و رۆشەنبیرانی کورد

## سەرچاوەکان:


- کونی ڕەش: الامیر جلادت بدرخان حیاته وفکرة/ دمشق 1992.
- خولاصەیەکی تاریخی کوردو کوردستان. محمد ئەمین زەکی/ بەرگی یەکەمو دووەم سلێمانی ساڵی 2000.
- لە ماڵپەڕەکانی: www.Amude.com : www.celadet.com وەرگرتووە.
- سەنتەری برایەتی ژمارە (5) 22ی نیسانی 1998.

م. ساڵح بەدرخانو............. تەحسین ئیبراهیم دۆسکی (ڕۆژی کورد)و (یەکبوون).

- ڕێکخراوی خۆیبوونو شۆرشی ئاگری– شکور مستەفا– ڕامان ژ 39 – 1999/9/5.
- Mir Emin Ali Bedirxan

Zerdest Haco (1851-1926) kibu? + گۆڤاری نودەم ژمارە 25 بە پیتی لاتینی.

- گۆڤاری زانین ژمارە (5) ڕەوشەن بەدرخان (1909– 1992) بەپیتی لاتینی.
- مێرێن بۆتان کێ بوو– زەردەشت حاجۆ + گۆڤاری نودەم ژ 9 25 بە پیتی لاتینی.

- سێ مێژووی هاوار 15 گوڵان 1932و 18 تەباخو 15 ی نیسان جلادەت عالی بەدرخان. ئەم ووتارە بەلاتینی.
- میر جەلادەت بەدرخان 1893- 1951 ژیان تو ڕامایتیوی زەردەشت حاجۆ بەپیتی لاتینی وەرگیراوە.
- جەلادەت بەدرخان (فەیسەل داغلی) بەپیتی لاتینی.
- جەلادەت عالی بەدرخان ـ فوران گەوەڕی ـ بەپیتی لاتینی.
- وەرن ئەم جەلادەت عالی بەدرخان بناسین ـ (گوڵسەرین دەبێژ). بە پیتی لاتینی.
- گۆڤاری دەنگ ژ 14 محەمەد بەیراڤ بە پیتی لاتینی.
- گۆڤاری نڤیسی ژ 11- 2001/12/21 وە ژ 12- 2002/1/21 کۆنی ڕەش (جەلادەت عالی بەدرخان لەنێوان سیاسەتو ڕۆژنامەوانیدا) بە پیتی لاتینی.
- ئاڤێستا ژ 45/ (11)ی گولانی 2003 ـ کۆنی ڕەش/ بە پیتی لاتینی.
- نرخاندنی کورد لەلایەن میر جەلادەت بەدرخان. ڕەوشەن بدرخان- گۆڤاری نڤیسی ژمارە 17- 2002/6/21، 1909- 1992ـ بە پیتی لاتینی.
- ( لە بیرەوەری 11 ساڵەی کۆچی ڕەوشەن بەدرخان – کۆنی ڕەش، 2003/5/15.
- د. بیرگێت ئەمان (Dr. Birgit Amman) پەیامی کورد ژ 7 بە پیتی لاتینی 10- 2004/9/16 سالانی میوینع هی برادەر21 کامەرانو جەلادەت بەدرخان- بەپیتی لاتینی.
- چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی ڕۆژنامەوانی کوردی/ نەوشێروان مستەفا ئەمین 1898- 1918 بەرگی یەکەم ـ بەرگی دووەم (ساڵی 2001) سوید.

- هونەرەکانی نەوە – لە ڕۆژنامەگەری نهێنی کوردیدا (1961– 1991) نەوزاد عەلی ئەحمەد سالی (2005) سلێمانی.
- کوردستان M.Emin Bozarslan بەرگی یەکەم 1898ـ 1902چاپی 1991.
- کوردستان لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا سلێمانی (2004) د. عەبدوللا عەلیاوەیی.
- باسیل نیکیتن‌و کوردناسی ـ بەرگی یەکەم، وەرگێرانی لە فەرەنسیەوە نەجاتی عەبدوللا 2004 سلێمانی.
- لە یادی 106 ی ساڵەی ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی لەساڵی 2004دا د. جەمال خەزنەدار لە شاری مانهایم – المانیا کۆڕێکی پێشکەش کرد- سوودی زۆرم لەم کۆڕە وەرگرتووە ( ئەم یادە لەلایەن ناوەندی زانین‌و ڕۆشنبیری کوردی المانی ئامادەکرابوو).
- ئارمی ئازادی ژ 369 (گوزرێك بەناو ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردیەکاندا) 23.4.1998.
- بزاڤی ڕۆژنامەگەری کوردی لە ئەمریکاو ئەوروپا فەرهاد پیربال ﴿ گۆڤاری سەنتەری برایەتی﴾ –5– 22 نیسانی 1998.
- نووسەرو ڕۆشنبیرانی کورد لە ڕۆژنامەگەری کوردی دەدوێن/ گۆڤاری سەنتەری برایەتی 5.1– 22 نیسانی 1998.
- البدرخانيون في جزيرة بوتان وثائق اتحاد العائلة البدرخانية تاليف مالميسانذ ـ مطبعة اميرال طبعة اولى 1998/12 لبنان- بيروت ترجمة گولبهار بدرخان و دلاور الزنگی ـ مراجعة وتقديم نذير حزماتي.
- بضعة ضؤ من مذكرات عبدالرزاق بدرخان/ ترجمة واعداد د. جليلي جليل ترجمة النص الكردي حيدر عمر ـ علي جعفر.

**سوپاس و پێزانین** :

**سوپاسی ئەم برا بەرێزانە دەکەم کەهاوکارییان کردم**
**بۆ لە چاپدانی ئەم کتێبە** :

- **کتێبفرۆشی سۆران – م.شوان سلێمان یابە** .
- **محەمەد وەسمان**.

# ﴿ ناوەرۆك ﴾



| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | 7 |
| میر بەدرخان عەبدوڵلاّخان | 10 |
| ئەمین عالی بەدرخان | 31 |
| محەمەد سالّح بەدرخان | 39 |
| سورەیا بەدرخان | 41 |
| میر جەلادەت عالی بەدرخان | 47 |
| کامەران بەدرخان | 71 |
| ڕەوشەن بەدرخان | 74 |
| لەیلا بەدرخان | 82 |
| ڕۆژنامەی کوردستان | 84 |
| ئەلبوومی وێنەکان | 100 |
| سەرچاوەکان | 116 |

## زنجیرەی کتێبە چاپکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران- هەولێر

1- گرەو ،عەزیز نەسین،و / لە عەرەبییەوە جەمال گردەسۆری، هەولێر: (ب.چ)، 2003، 38ل.
2- بێناسنامەکان،چ2،عەزیز نەسین،و/ لە فارسییەوە حەمە کەریم عارف، سلێمانی: چاپخانەی شڤان،2003، 160ل.
3- ئاغا و شێخ و دەولەت،ب1،چ4،مارتین ڤان برونسەن، و/ لە ئەلمانییەوە د.کوردۆ عەلی، سلێمانی: چاپخانەی شڤان،2003، 360ل.
4- کوردو کوردستان- بەشی (1-2)،چ2،محەمەد ئەمین زەکی بەگ، سلێمانی: چاپخانەی شڤان ،2004، (272+278)ل.
5- مرۆڤ لە نێوان ڕواڵەت و جەوهەردا،ئەریك فرۆم،و/ لە عەرەبییەوە سابیر بەکر بۆکانی، سلێمانی: چاپخانەی شڤان2003، 216ل.
6- کورد لە سەدەی نۆزدەو بیستدا، کرێس کۆچێرا، و/ لە فارسییەوە حەمە کەریم عارف، سلێمانی: چاپخانەی شڤان،2004، 464ل.
7- چاوەکانی،چ4،بزورگ عەلەوی، و/ لە فارسییەوە ئازاد بەرزنجی، سلێمانی: چاپخانەی شڤان ،2004، 144ل.
8- ئینسایکلۆپیدیای فەیلەسوفان،سەرپەرشتی م. ڕوزنتال،ب. یوردین، و/ لە عەرەبییەوە محەمەد وەسمان عەزیز، سلێمانی: چاپخانەی شڤان،2004، 550ل.
9- بەیەکگەیشتنی کوردو لان لە ولاتی باب و شەروان،د.جەمال ڕەشید ئەحمەد، و/ لە عەرەبییەوە ئاسۆس محەمەد مەلاقادر، سلێمانی: چاپخانەی شڤان،2004، 330ل.
10- بیرەوەرییەکانی تەیموری لەنگ،چ3، مارسل بریون، و/ لە فارسییەوە حەمەی حەمە سەعید ، سلێمانی: چاپخانەی شڤان ،2004، 324ل.
11- ڕۆشنبیری سێکسی و تەندروستی ،چ8،فازیل هیمەت، سلێمانی: چاپخانەی شڤان ،2004، 259ل.
12- کلیکی ئینتەرنێت،چ2،سەرکەوت پێنجوینی، سلێمانی: چاپخانەی شڤان، 2004، 98ل.
13- ـفێربوونی فەرەنسی بە ئاسانی،کوردۆ ئەحمەد، سلێمانی: چاپخانەی شڤان،2004، 63ل.
14- مرۆڤ لە نێوان ڕواڵەت و جەوهەردا،چ2،ئەریك فرۆم،و/ لە عەرەبییەوە سابیر بەکر بۆکانی، سلێمانی: چاپخانەی شڤان2004، 214ل.
15- کێشە سێکسییەکان،چ3،فازیل هیمەت، سلێمانی: چاپخانەی شڤان، 2004 ، 130ل.

16- ئازادی یا مەرگ،نیکۆس کازانتزاکیس، و/ لە فارسییەوە حەمە کەریم عارف، سلێمانی: چاپخانەی شڤان،2004، 560ل.

17- فەرهەنگی شیرین(عەرەبی- کوردی)،چ4،فازیل نیزامەدین، سلێمانی: چاپخانەی شڤان،2004، 845ل.

18- زماننناسی و هەندێ لە بابەتی زمانناسیی کوردی،سەلأم ناوخۆش، سلێمانی: چاپخانەی شڤان،2004، 103ل.

19- ئەدەب و فەلسەفە،نووسین و وەرگێڕانی کەریم دەشتی، سلێمانی: چاپخانەی شڤان،2004، 527ل.

20- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، سەمەدی بیهرەنگی، و/ لە فارسییەوە حەمە کەریم عارف، سلێمانی: چاپخانەی شڤان،2004، 240ل.

21- ئێواران بۆنی خەوم لێ دێ، چنوور نامیق حەسەن، سلێمانی: چاپخانەی شڤان،2004، 112ل.

22- ئەفسانەی گریکی و ڕۆمانی ،گریس،هـ . کوپفر،و/ لە فارسییەوە حەمە کەریم عارف، سلێمانی: چاپخانەی شڤان،2004، 152ل.

23- جان جاك ڕۆسۆ،موریس شربل،میشال ابی فاچل، و/ لە عەرەبییەوە ڕەحیم سابیر، سلێمانی: چاپخانەی شڤان،2004، 98ل.

24- ڤۆلتێر،ئەندریە کریسۆن،و/ لە عەرەبییەوە ڕەحیم سابیر، سلێمانی: چاپخانەی شڤان،2004، 56ل.

25- سەدەی یەکەمی خەیاڵ، کاروان عومەر کاکە سوور، سلێمانی: چاپەمەنی گەنج ،2004، 224ل.

26- ڕێزمانی ئینگلیزی زاگرۆس،یوسف فەقیهی، سلێمانی: چاپەمەنی گەنج،2004، 201ل.

27- لە نێوان (بلیمەتی)و (شێتی)دا،چ2،هاشم سالّح،و/ لە عەرەبییەوە نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، سلێمانی: چاپخانەی شڤان،2004، 102ل.

28- دواڕۆژی مەحکومێك،ڤیکتۆر هۆگۆ، و / لە ئەلمانییەوەعەبدولموئمین دەشتی، سلێمانی: چاپخانەی گەنج،2004، 127ل.

29- کورد لە سەدەی نۆزدەو بیستدا، چ2،کرێس کۆچێرا، و/ لە فارسییەوە حەمە کەریم عارف، سلێمانی: چاپخانەی شڤان،2004، 464ل.

30- ژنە مۆدێرنەکە ، ئەردەلان عەبدوڵڵا، سلێمانی: چاپخانەی شڤان، 2004، 174ل.

31- ئەسپیدیلۆن،چ2، کاروان عومەر کاکەسوور، سلێمانی چاپخانەی شڤان،2005، 221ل.

32- سەد ساڵ تەنیایی،چـ2، گابریـل گارسـیا مـارکز،وەرگێڕانی لـە فارسـییەوە حەسـەن ڕەسـتگار، سلێمانی چاپخانەی شڤان،2005، 387ل.

33- فەرهەنگی خاك(فارسی – کوردی)، مـەحموود عەبـدوڵلا وجـەمال جـەلال ، هـەولێر: چـاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،2005، 370ل.

34- هـەولێرم وادیـوەو بیسـتووە، ب3، سـەید مـەولود بێخـاڵی، هـەولێر: چـاپخانەی وەزارەتـی پەروەردە،2005، 374ل.

35- باخچـەی بـەردین، نیکـۆس کـازانتزاکیس ، و/ لـە عەرەبییـەوە جـەلیل کاکـەوەیس، سـلێمانی: چاپخانەی شڤان، 2005، 302 ل.

36- سـەرەتایەك لـە فەلسـەفە کلاسیکی یۆنـان، چـ 2، حەمیـد عـەزیز سـەعید، سـلێمانی: چـاپخانەی شڤان،2005، 302ل.

37- گێلەپیاو، چ3، عەزیز نەسین ، و/ لەفارسییەوە عەبـدوڵڵای حەسـەن زادە، هـەولێر: چـاپخانەی وەزارەتی پەروەردە– هەولێر،2005، 277ل.

38- ڕۆمانی کوردی و پەرتبوونی ڕووداو و نازیندەیی شاکەس،جەلیل کاکەوەیس، سلێمانی:چاپخانەی بینایی ،2005، 153ل.

39- هونەری شیعر ، چ 2 ، هۆراس ، حەمید عەزیز کردوویە بە کوردی، سلێمانی :چاپەمەنی چوارچرا ، 2005 ، 55ل .

40- ڕەخنەی ( ڕەخنەی ڕۆمانی کوردی)،فوئاد ڕەشید، سلێمانی : چاپخانەی ڕوون، 2005، 197ل.

41- نوێگەری – کۆمەلە وتار، محەمەد وەسمان،سلێمانی: چاپخانەی چوارچرا،2005، 107ل.

42- مێژووی هاوچەرخی کورد،چ2، دیڤید مەکداول، و/ لـە فارسـییەوە ئەبووبـەکر خۆشـناو، هـەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، 2005، 747ل.

43- بیبلۆگرافیای فۆلکلۆری کوردی،د.عومەر ئیبراهیم عەزیز،سلێمانی:چاپخانەی چوار چـرا ، 2005، 320ل

44- زاخی گۆرانی- چەپکێك لە هۆنراوەی گۆرانی،شێروان حەسەن حوسنی،سلێمانی چـاپخانەی گـەنج، 2005، 252ل.

45- لە پەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی،چ 2، ڕێبوار سـیوەیلی، سـلێمانی : چـاپخانەی شـڤان، 2005، 224ل.

46- تاسەی ئازادی ، چ2، سیامەند شێخ ئاغایی، سلێمانی چاپخانەی گەنج، 2005، 153ل.

47- سەگی سوورەی ، سیامەند شێخ ئاغایی، سلێمانی: چاپخانەی گەنج، 2005، 190ل.

48- بەندەری گول، شێروان حەسەن حوسنی، سلێمانی: چاپخانەی گەنج، 2005، 120ل.

49- کیماگەر،پاولۆ کۆوێلۆ، ئاسۆ حەسەن زادە لە فەرەنسییەوە کردوویە بە کوردی، سلێمانی: چاپخانەی کارۆ، 2005، 148ل.

50- ونگە-چ2، عەبدوڵلا سەراج، سلێمانی: چاپخانەی گەنج،173،2005ل.

51- گومان مەکە خۆشمدەویی-چ2،زانا خەلیل، سلێمانی: چاپخانەی گەنج،50،2005ل

52- سۆناتای ڕۆح-چ2، عەبدوڵلا سەراج، سلێمانی: چاپخانەی گەنج،85،2005ل

53- نینا-چ2، سابت ڕەحمان،حەمە کەریم عارف لە فارسییەوە کردوویە بە کوردی، عەبدوڵلا سەراج، سلێمانی: چاپخانەی گەنج،288،2005ل.

54- پەیامبەر،جبران خەلیل جبران، عمران هاواری لە فارسییەوە کردوویە بە کوردی، سلێمانی: چاپخانەی گەنج،106،2005ل

55- ئاوێنە-100 کورتیلە چیرۆکی کوردی، سابیر ڕەشید، سلێمانی،: چاپخانەی گەنج، 2005، 79ل.

56- بەدەم شەپۆلەوە بارانەکان دەڕۆن، بەهرە موفتی، سلێمانی: چاپخانەی گەنج،2005، 102ل.

57- مفهوم الفيدرالية،د.نوري الطالباني،السليمانية : مطبعة گەنج، 2005، 57ص.

58- دووسەدو سی و شەش (sms)ی شیعری، زانا خەلیل، سلێمانی: چاپخانەی گەنج، 2005، 109ل.

59- دوو بێوەژنەکە ،عەزیز نەسین، پیرداود مەخووری لە عەرەبییەوە کردوویە بە کوردی، سلێمانی: چاپخانەی گەنج، 2005، 180ل.

60- هیزە وریابن، عەزیز نەسین، سەباح ئیسماعیل لە عەرەبییەوە کردوویە بە کوردی، سلێمانی: چاپخانەی گەنج، 2005، 153ل.

61- ئەژدەر، عەبدوڵلا سەراج، سلێمانی: چاپخانەی گەنج، 2005، 199ل.

62- بەدرخانییەکان مالباتێکی خەباتکار، یوسف ئەحمەد مەنتك، هەولێر: چاپخانەی منارە، 2005، 130ل.